
KURDISTAN



# لەپێناو سەنتێزێکی سیاسی بۆ ڕۆژهەڵاتی کوردستان

د. ئاسۆ حەسەن زادە، مامۆستا لە زانکۆی کاتۆلیکی لیۆن

----------------------

کۆکردنەوە و ئامادەکردنی: ڕەحمان نەقشی

سەرچاوە
Serchawe

## ناوەرۆک:


- ئاماژە – لەنێو دەقدا...
- پێشەکی...
- چەمکێکی کەمتر سەرنجپێدراو پێشنیار بکرێ کە بریتییە لە سەروەریخوازی...
- سەروەری و سەروەریخوازی وەکوو چەمک...
- چاوخشاندنێک بە دروشمی ستراتژیکی پارتە سیاسییەکانی کورد...
- سەروەریخوازی، غایبە گەورەکەی گوتاری نەتەوایەتیی ڕۆژهەڵات...
- کێشەی ناجێگیری لە دروشمی ستراتژیکدا...
- سوودەکانی پەسندکردنی سەروەریخوازی...
- لێکەوتەکانی گوتاری سەروەریخوازانە...
- سەروەریخوازی و "فێدراسی" لە ئەگەری فیدرالیزە نەکرانی ئێراندا...
- ئەنجام...








سەرچاوە
Serchawe

# لەپێناو سەنتێزێکی سیاسی بۆ ڕۆژهەڵاتی کوردستان: سەروەریخوازی وەک ڕێگاچارەی نالیکی لە دروشمی ستراتژیدا



**ئاسۆ حەسەن زادە، مامۆستا لە زانکۆی کاتۆلیکی لیۆن**

**بڵاوکراوە لە ماڵپەڕی ناوەندی لێکۆڵینەوەی کوردستان – تیشک: ٩ی ڕێبەندانی ٢٧٢٤**



سەرچاوە
Serchawe

## ئاماژە

### لەنێو دەقدا

مەبەست لە خستنەپێشی چەمکی سەروەریخوازی پێشنیاری ئاڵوگۆڕ لە دروشمی ستراتژیی هیچ حیزبێکی سیاسیدا نیە. لەوەش وردتر، مەبەست گۆڕینی دروشمی فیدراڵی بۆ سەربەخۆیی نیە. ئەو سەرنجە بۆیە پێویستە چونکە زۆر جار بۆ نادیدەگرتنی ڕوانگەی ڕەخنەگرانی وتاری نەتەوایەتیی تا ئێستای پارتە سیاسییەکانی ڕۆژهەڵات، باسەکە بە لاڕێدا دەبرێ و وا نیشان دەدرێ کە هەموو ئەو ڕەخنەگرانە بە خۆشخەیاڵی و بەدوور لە ئەرزی واقیع، داوای کوردستانی گەورە دەکەن! لەحاڵێکدا قسە نەک لە ویستی سەربەخۆیی بەڵکوو لە  وتارێکی نەتەوەیی تۆکمەتر، زانستیتر و باوەڕبەخۆترە کە هەم وڵامدەرەوەی پێویستییەکانی سەردەمی ئێستا و چاوەڕوانییەکانی نەوەی نوێ بێ و پۆتانسیەلەکانی کۆمەڵگا لە هەموو بەستێنەکانی خەباتدا وەگەڕ بخا، هەم دەرەقەتی تەیاری و فێڵبازیی هزریی ناوەندگەراکان و ئاڵۆزییە سیاسی و قانوونییەکانی دواڕۆژ بێ.

وشە کلیل: سەروەری خوازی، فدراڵیزم، مافی دیاریکردنی چارەنووس، سەربەخۆیی، نەتەوەیەکی هەڕەشەلەسەر

## پێشەکی

بەدرێژایی مێژووی کورد، یەکێک لە خاڵەکانی لاوازی و هۆکاری سەرنەکەوتنی بزوتنەوەی ڕزگاریخوازانەی ئەو گەلە نەبوونی ئامانجێکی ڕوون و هاوبەش بووە. ئەو ناڵێکییە کە هەم دوورەدیمەنی کۆتایی چارەسەری پرسی کورد و هەم قۆناغبەندیی هەنگاونان بەرەو ئەو دوورەدیمەنە دەگرێتەوە، بەشێوەی سروشتی یەکگرتوو نەبوونی شێواز و کەرەستەکانی خەباتیشی لێ کەوتۆتەوە.

© 2025 The Author(s), Published by TISHK Zentrum für Studien über Kurdistan. This article is licensed and distributed under CC BY-NC-ND 4.0. To view a copy of this license, visit http://creativecommons.org/licenses/by-nc-nd/4.0/ . To cite this article: Rasooli Keya, Dawod (2024) Seed Ball technique: a method for revitalising Zagros forests, https://tishk.org/ku/2024/09/22/seed-ball-technique-a-method-for-revitalising-zagros-forests/

سادەکردنەوە و خۆپەڕاندنەوە لە بەرپرسایەتی دەبێ ئەگەر بێت و دابەشبوونی کوردستان لە دوو بڕگەی مێژوویی‌دا بە تەنیا هۆکاری ئەو ناڵێکییە بزانین، بەڵکوو سەرچاوەیەکی گرینگی ئەو مەسەلەیە کۆمەڵناسیی سیاسی کورد و مەنتالیتەی بژاردەکانی ئەو گەلەیە کە وای کردووە گەشەکردنی هۆشیاریی نەتەوەیی و ڕەفتاری سیاسیی کورد نەتوانێ خۆی لەو



سەرچاوە Serchawe

بەستێنە نەریتی و کولتوورییە ڕزگار بکا کە هەمیشە کۆسپی سەر ڕێگای بەرجەستەبوونی فەردانییەتی سیاسی و زاڵبوونی ئینتمای گەورە بەسەر ئینتما بچووکەکاندا بووە. بەم چەشنە نەک هەر ڕەوتی مێژوو و ڕوانینی زلهێزەکان بۆ کورد و بەرژەوەندیی خۆیان و ئاڵوگۆڕە گەورەکانی ئەو ناوچەیەی کوردستانی تێدا هەڵکەوتووە هانابەخشی دروستبوونی دینامیزمێکی نێوخۆیی یەکدەست و یەکگرتوو لە بزوتنەوەی کورددا نەبووە، بەڵکوو شۆڕش و دەسەڵاتە خۆجێیی و هێزە سیاسییەکانی کورد بۆخۆشیان هێشتوویانە فاکتەرە دابەشکەرە نێوخۆیی و دەرەکییەکان (لە پێکهاتەی کۆمەڵایەتییەوە بگرە تا ململانەی ئیدئۆلۆژی و بەرژەوەندییەکان) لە ڕوانگە و نەخشەڕێگایەکی هەماهەنگ و یەکگرتووی خەبات دووریان بخەنەوە.

لەم وتارەدا هەوڵ دەدرێ وێڕای ئاماژە بەو فۆرموولە جیاوازانەی هێزە سیاسییەکانی کورد بۆ چارەسەری پرسی کورد لە قالبی دروشمی ستراتژیدا بەرزیان کردۆتەوە، بەمەبەستی تۆکمەکردنەوەی کرۆکی هاوبەشی پلاتفۆرمە جیاوازەکانی ئەو هێزانە (بەتایبەت لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان) و کەمکردنەوە لە ناڵێکیی نێوان دروشمە ستراتژییەکانیان،

## چەمکێکی کەمتر سەرنجپێدراو پێشنیار بکرێ کە بریتییە لە سەروەریخوازی.

### پێش ئەوەی بچینە نێو ئەم باسە، دوو تێبینی بە پێویست دەزانین:

**یەکەم**، ئامانج لە هێنانەگۆڕی چەمکی سەروەریخوازی زیادکردنی دروشمێک بە دروشمەکانی پێشوو یان دانانی دروشمێکی نوێ لەجێی دروشمەکانی تا ئێستا نیە، بەڵکوو پێشنیاری جێخستن و بەکاربردنی ئەو چەمکە وەک چەمکێکی گوتارییە کە سروشتێکی سیمان (چیمەنتۆ)ی لەنێوان دروشمە جیاوازەکاندا هەبێ و یارمەتی بە دروستبوونی ئینسجام لە ناوەرۆک و کاکڵی ویست و ئامانجە سیاسییەکانی کوردی ڕۆژهەڵاتدا بکا. ئیدەئاڵ ئەوەیە لایەنەکانی ڕۆژهەڵات لەسەر یەک دروشمی ستراتژی ساغ ببنەوە و لە دەوری پلاتفۆرمێکی هاوبەشی سیاسی کۆ ببنەوە. مادام ئەو ئیدەئالە نە لە ڕابردوودا وەدی هاتووە و نە وێ دەچێ لە ئایندەیەکی مەعقوولیشدا بێتە دی، سەروەریخوازی دەتوانێ ڕۆڵی ئاشتکەرەوە و فێدێراتۆر (یەکخەر) لەنێوان دروشمە جیاوازەکانی هێزە سیاسییەکانی ئەو پارچەیەی کوردستاندا بگێڕێ.

**دووهەم**، بەهۆی سنووورداربوونی زەرفییەت و دەرفەتی نووسینی ئەم وتارە و دەسترانەگەیشتن بە زۆر سەرچاوەی پێویست، مەبەستی ئەم وتارە تەنیا کردنەوەی دەروازەیەک و نیشاندانی ئادرەسێکی تازەیە، ئەگینا ئەو پرسە دەخوازێ لە دەرەتانی زیاتر و چوارچێوەی فراوانتردا و لە ڕەهەندی جیاوازەوە ژێرخانسازیی تیئۆری و مەعریفیی بۆ بکرێ. هەرلەوکاتەدا نابێ

پێمان وابێ ئەو پرسە سیرفەن پرسێکی تیئۆرییە کە تەنیا لە بەستێنی هزری و ئەکادیمیدا کاری لەسەر بکرێ. بەداخەوە هێندێک لە سیاسییەکانی کورد بە بیانووی ئەوە کە ئەوان ئەکتەری سیاسەتی سەر ئەرزی واقیعن، نەک هەر خۆ لە ئاوڕدانەوە لەو بابەتە بنەڕەتییانەی خەبات و بوونمانی سیاسیی کورد دەبوێرن، بەڵکوو توێژی ڕووناکبیر و ئەکادیمی کە لە هەموو دەوڵەتێکی پێشکەوتووی دنیادا بۆ هەر جۆرە بابەتێکی ستراتژیک پرس و ڕاوێژیان پێ دەکرێ، نادیدە دەگرن.

لەلایەکی دیکەوە، ئەوانەی خۆیان لە پرسی بنەما هزرییەکانی گوتار و ستراتژی دەدزنەوە، لەبەر ئەوەی هیچ وڵامێکیان بۆ ڕەخنەی کارنەکردن لەسەر ئەو بنەمایانە پێ نیە، بە ئیشارە بەوە کە ئاشکرایە کورد چی دەوێ و بۆچی خەبات دەکا و بە پەنابردن بۆ چەمکی گشتی و پێناسەنەکراوی کوردایەتی باسەکە دادەخەن. ئەوە لە حاڵێکدایە کە گەورەترین ڕێبەری سیاسیی سەردەمی مۆدێرنی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان، واتە دوکتور قاسملوو، هەرلەوکاتەدا کە مەیدانیترین و واقعبینترین ڕێبەری ئەو بەشە لە کوردستانیش بوو و هەمیشەش تێدەکۆشا بە زمانی خەڵک قسە بکا، مامۆستایەکی زانکۆ بوو کە زۆرترین کات و هەوڵی خۆی بۆ بنەماسازیی هزری و تیئۆریکی ئامانج و چەمکەکانی خەباتی کورد و حیزبی دێموکراتی کورستان تەرخان دەکرد، تەنانەت ئەو کاتە کە لە دژوارترین هەلومەرجدا ڕێبەرایەتیی بزوتنەوەیەکی چەکدارانەی دەکرد.

## سەروەری و سەروەریخوازی وەکوو چەمک

سەروەری نە لە فەلسەفەی سیاسیدا و نە لە قانوونی نێونەتەوەییدا پێناسەیەکی یەکدەستی نیە. ڕوانگەی کلاسیک بۆ چەمکی سەروەری بەو جۆرە کە ژان بۆدەن لە سەدەی شازدەدا بناخە تیتۆرییەکەی داناوە،(١) بریتییە لە دەسەڵاتی ڕەها و دابەشنەکراوی دەوڵەت، خیسڵەتێک کە تەنیا ئەو قەوارە سیاسییانەی لە ئاستی نێونەتەوەییدا سەربەخۆن دەتوانن هەیانبێ. ئەو ڕوانگەیە کە دەوڵەتی سەربەخۆ دەسەڵاتەکەی سنووری نیە و لەگەڵ هیچ قەوارەیەکی دیکەش بەشی ناکا نە لە فەلسەفەی سیاسی و نە لە قانووندا جێگای پەسندی گشتی نەبووە، تەنانەت ئەگەر بە دیدی پەیمانی وێستفالییش(٢) بۆ بابەتەکە بچین.

ئەوەی ڕوونە ئەوەیە کە سەروەری ڕەهەندی فرەچەشنی هەیە. هەروەک چۆن مافی دیاریکردنی چارەنووس لە یاسای نێونەتەوەییدا دیوێکی نێوخۆیی و دیوێکی نێونەتەوەیی هەیە، سەروەرییش وەک دەرەنجامێکی مافی دیاریکردنی چارەنووس کە لە هەمان کاتدا بەهۆی تەمرینی خودی ئەو مافەوە دەچێتەوە ژێر پرسیار، کانسێپتێکی چەندتوێژییە(٣)کە ئەگەر زۆرتر بە مانای ئیرادەی ئازادی گەل یان دەوڵەتێکی سەربەخۆ هاتووە (جا ئەو دەوڵەتە لە ئاکامی تێگەیشتنی مەدەنی

یان ئێتنیکی بۆ بنیاتنانی نەتەوەدا دروست بووبێ)، زۆر جاریش خراوەتە خزمەتی ئیدئۆلۆژییەکی ئینقلابی (بۆ نموونە ئینقلابی کۆمۆنیستی) یان هەستانەوەی دەوڵەتانی جیهانی سێهەم بۆ داکۆکی لە کۆنترۆڵی سەرچاوە سروشتییەکانیان.

بەپێی ڕوانگەی مۆدێرن بۆ ئەو چەمکە، لەگەڵ ئەوە کە سەروەری بە پلەی یەکەم خیسڵەت و تایبەتمەندیی دەوڵەتی سەربەخۆیە، بەڵام ڕەها و دابەشهەڵنەگر (غیر قابل تقسیم) نیە و قەوارە و پێکهاتەی جیاواز لە دەوڵەتیش دەتوانن ئیدیعای بکەن. سەروەری وەک داکترینی سیاسی بێگومان پێش هەموو شتێک جەخت لەسەر سەربەخۆیی نەتەوەیەک بە هەردوو دیوی نێوخۆیی و نێونەتەوەییدا دەکا، هەر لەو کاتەدا دەکرێ بۆ ئەوەش بخرێتە پێش کە سەربەستیی گەلێک لە بەرامبەر ئاستێکی بەرزتر و فراوانتری دەسەڵات کە دەوڵەتی مەوجوود بێ، وەدی بێ یان ئۆتۆنۆمیی ئەو گەلە زیاد بکا(٤). بەمجۆرە هێندێک وڵامی مێژوویی بە ویستی سەربەستیی گەلێک لە چوارچێوەی دەوڵەتێکی فراوانتردا بۆ نموونە ئۆتۆنۆمیی مەجارەکان لە چوارچێوەی ئیمپراتۆریی ئوتریش - مەجارستاندا لەسەر بنەمای سەروەریی ئێتنیکی پاساو دراون(٥).

قانوونی دەستووریی مۆدێرن چەمکی سەروەریی دابەشکراو(٦) بەڕەسمی دەناسێ، واتە سەروەرییەک کە تەنیا موڵکی دەوڵەتی ناوەندی یا سەراسەری نیە بەڵکوو لەنێوان پێکهاتەکانی نێو دەوڵەتەکەدا دابەش کراوە و سەروەریی دەوڵەت ئاکامی بەیەکگەیشتن و کۆبوونەوەی سەروەریی گەل و قەوارەکانی پێکهێنەری دەوڵەتە، بەبێ ئەوەی ئەوان جارێک بۆ هەمیشە بە قازانجی دەوڵەت وازیان لە پشکی خۆیان لە سەروەریدا هێنابێ. سەروەریی دابەشکراو بەتایبەتی لە مۆدێلە فیدرالیەکانی ناسراو بە "دووال - فیدرالیزم" یان فیدرالیزمی دووانەییدا باس دەکرێ کە لەودا هەرێمەکان خاوەنی کەسایەتیی قانوونیی بەهێزن، سەڵاحیەتەکانیان لەو بوارانەدا کە بواری نەریتیی دەوڵەتن زۆرن و بەڕوونییش جیا کراونەوە(٧). بۆ نموونە یاسای بنەڕەتیی سویس کانتۆنەکان بە خاوەنی سەروەری ناو دەبا و ڕادەگەیەنێ کە ئەوان "سەروەرن بەو مانایە کە سەروەرییان لەلایەن دەستووری فیدراڵەوە سنووردار ناکرێ و تەمرینی هەموو ئەو مافانە دەکەن کە بە وەکالەت نەدراون بە کۆنفیدراسیۆن (٨)." چەمکی سەروەریی دابەشکراو هەروەها لە قانوونی دەستووریی ئەمریکادا چەمکێکی مەترەح و کارلەسەرکراوە(٩).

ئەوەندەی دەگەڕێتەوە سەر سەروەریخوازی،(١٠) ئەمەش شتێک نیە جگە لە جوڵانەوەیەک کە بۆ گەیشتنی نەتەوە یان پێکهاتەیەکی فێدراڵ یان ئۆتۆنۆم بە سەروەری تێدەکۆشێ، بەبێ لەبەرچاوگرتنی ئەوە کە سەروەریی داواکراو لە چ پلەیەکدایە و تەنیا بەشێک یا هەموو توێژەکانی سەروەری لە خۆی دەگرێ. لێرەشدا سەروەریخوازی بە پلەی یەکەم هەوڵی گەیشتن بە سەربەخۆیی دەستنیشان دەکا. بۆ نموونە لە هەرێمی کێبێکی کانادا، سەروەریخوازەکان خۆیان لە بەرامبەر



سەرچاوە
Serchawe

فیدراڵیخوازەکاندا دەناسێنن. بەڵام ئەوە هەموو واقعیەتی بزوتنەوە سەروەریخوازەکان ناگەیەنێ، چونکە هەر لە کێبێکی کانادادا لە هەشتاکان و نەوەدەکانی زایینیدا، لەحاڵێکدا کە پارتی لیبراڵ لایەنگری ئۆتۆنۆمیی کێبێک لەنێو فێدراسیۆنی کانادادا بوو و پارتی کێبێکییش لایەنگری سەربەخۆیی کێبێک بوو، بەڵام هەرکام لەوانە لە برگەی جیاوازدا لایەنگرییان لە فۆڕموولی میانەییش کردووە کە لەودا وێڕای ئەوە کە گوتراوە کێبێک دەبێ سەروەر بێ، وا دانراوە کە پێوەندییە نیهادی و حقووقییەکانی لەگەڵ باقیی کاناداش لە چوارچێوەی قەوارەیەکی سیاسیی هاوبەشدا نەپچڕێنێ. بەهەمان شێوە، هەرێمی کاتالۆن (و بەگشتی ئەو سەرزەمینانەی نێو ئیسپانیا کە بە "وڵاتانی کاتالان" ناسراون)، هەنگاونانی سەروەریخوازانەی سەت ساڵەی تەنیا لە ساڵەکانی ٢٠١٠ دا چووە قالبی سەربەخۆییخوازییەوە و پاش ناکام مانەوەی ریفراندۆمەکەی ساڵی ٢٠١٧، ڕێبەرانی ئەو هەرێمە هاتوونەوە سەر ئەو باوەڕە کە پێویستە بیر لە سەروەریخوازییەکی خۆگونجێنەر لەگەڵ واقعیەتی سیاسی و بە کورتی مانەوەی ناچاری لەنێو ئیسپانیادا بکەنەوە. هەمان شت دەتوانین لەبارەی "وڵات باسک"ی ئیسپانیاش بڵێین.

### چاوخشاندنێک بە دروشمی ستراتژیکی پارتە سیاسییەکانی کورد

میرنشینی و شۆڕشە کوردییەکانی پێش سەردەمی مۆدێرن، سەرەڕای ئەوە کە کەمتر فۆرموولێکی ڕوون و نووسراویان لەمەڕ خولیای نەتەوایەتی لێ بەجێ ماوە و سەرەڕای زاڵبوونی سروشتی خێڵەکی و تەعامولی کەم و زۆریان لەگەڵ قەڵەمڕەوە فراوانترەکانی ئەو ناوچەیەی کوردستانی لێ هەڵکەوتووە، چ بەشێوەی دوفاکتۆ و چ لە مەرامی دەربڕدراویاندا زۆرتر هەڵگری ڕۆئیایەکی سەربەخۆییخوازانە بەبێ گوێدان بە سنوورەکان بوون(١١).

خاڵی دابڕان و جێمقەستی نێوان قۆناغی سەربەخۆییخوازیی نەریتی و قۆناغی گەڕان بەدوای چارەسەری پرسی کورد لە چوارچێوەی دەوڵەتانی مەوجووددا دەکەوێتە پاش شەڕی دووەمی جیهانی(١٢). دامەزرانی حیزبی دێموکراتی کوردستان و کۆماری کوردستان لە مەهاباد خاڵی وەرچەرخانی گوتاری نەتەوایەتیی کورد لە سەردەمی مۆدێرندایە. لە بەرەبەیانی کۆتاییەکانی شەڕی دووەمی جیهانی، کەشی زەینیی سەربەخۆییخوازانە هێشتا لەنێو بژاردەکانی کوردی ڕۆژهەڵات و هێز و بژاردەی پارچەی دیکەی کوردستان کە هاتبوونە مەهاباد زاڵ بووە و بەهۆی هەلومەرجی نێونەتەوەیی ئەوکاتە و بۆشایی دەسەڵات لە بەشێکی بەرچاو لە "کوردستانی ئێران"، خیسڵەتە نیهادییەکانی کۆماری کوردستان و مەرامی ڕێبەرانی کۆمار، ستاتووسی کۆماریان لە چوارچێوەی بەرتەسکی خودموختاری بردبووە دەر. نەک هەر ئەو زێهنیەت و تەشریفاتە کە کۆماری کوردستانی پێ دامەزرا زێهنیەت و تەشریفاتێکی سەربەخۆییخوازانە بوو، بەڵکوو کۆمەڵێک تایبەتمەندیی حقووقیی کۆمار و گوتار و هەڵسوکەوتی ڕێبەرانی کۆمار بە چەشنێک بوون کە ئەو ئەزموونە تاقانەیەی کورد وەک ئەزموونی قەوارەیەکی

تەواو سەربەست و رزگاریبەخش لە یادەوەریی بەکۆمەڵی کورددا ماوەتەوە.

دیارە حاشا لەوە ناکرێ کە حیزبی دێموکراتی کوردستان وەک یەکەمین حیزبی مۆدێرن و جەماوەریی کورد لە یەکەمین مەرامنامەی خۆیدا داوای خودموختاریی دەکرد(١٣) و پێشەوا قازی محەممەدیش - لەگەڵ ڕوونبوونەوەی دوورەدیمەنی هەلومەرجی نێونەتەوەیی پاش شەڕ بە زیانی سەربەخۆیی کورد و هاتوچۆکانی بۆ تاران و تەورێز- سروشتی حقووقیی کۆماری کوردستانی هەر لە چوارچێوەی خودموختاریدا ناساندووە(١٤). ئەو ئاکامگیرییە کە کۆماری کوردستان بەتایبەتی لە قۆناغی دووەمی تەمەنە ساواکەیدا (واتە لە بەهاری ١٣٢٥ بەولاوە) ناچار بووە خۆی لەگەڵ واقیعی بێڕەحمی دەوروبەری بگونجێنێ و لە چوارچێوەی ئێراندا بمێنێتەوە، لەو خوێندنەوەیەدا کە دواتریش حیزبی دێموکرات و دوکتور قاسملوو بۆ کۆماری کوردستانیان کردوە ڕەنگی داوەتەوە(١٥). بەوحاڵەش ئاکامگیریی موتڵەق لەو بارەوە لەگەڵ ڕووحی کۆمار یەک ناگرێتەوە، بە چەشنێک کە ویلیام ئیگلتن ژونیۆر کە بۆخۆی چووبووە مەهاباد و کتێبە بەناوبانگەکەی لەسەر کۆماری کوردستان تەنیا پازدە ساڵ پاش ڕووخانی کۆماری کوردستان بڵاو بۆتەوە، پاش خستنەڕوو و لێکدانەوەی ورد و موستەنەدی بەشی هەرە زۆری ڕووداو و ڕەهەندەکانی کۆمار، هێشتا ئەو پرسیارە لە خۆی دەکا کە داخوا کۆمارە کوردەکەی ١٩٤٦ جوداییخواز بوو یان نا؟(١٦)

ئەوەندەی دامەزرانی کۆماری کوردستان میراتێکی ڕەمزی و پڕ لە هێمای سەروەریخوازانەی بۆ سەرجەم بزوتنەوەی کورد لەدوای خۆی بەجێهێشت، ئەوەندەش ڕووخانی کۆمار شوێنەواری نەخوازراوی لەسەر سایکۆلۆژیی سیاسیی کورد دانا. بۆچوونی باو هەمیشە ئەوە بووە کە شووڕەوی تەنیا لەڕووی سیاسییەوە نەبووە هۆی ناکامیی کۆماری کوردستان، بەڵکوو - سەرەڕای لایەنگریی ڕوونی مارکسیسزم-لێنیزم لە تیئۆریدا لە مافی دیاریکردنی چارەنووسی گەلان- لەڕووی زەینیشەوە باوەڕبەخۆیی و بەرزەفڕیی نەتەوایەتیی بژاردەکانی کوردی تێک شکاند. بە چەشنێک کە لەو برە تەعامولە ڕاستەوخۆیە کە لە کاتی دامەزرانی حیزبی دێموکراتی کوردستان و کۆماردا کوردەکان لەگەڵ یەکێتیی سۆڤیەتیان هەبوو، تەوسیەی ڕوونی سۆڤیەت بە کوردەکان ئەوە بوو" **کە لە چوارچێوەی سنووری ئێراندا و لەگەڵ گەلانی دیکەی دانیشتووی ئەو وڵاتە و حیزبە چەپ و پێشکەوتنخوازەکانی بۆ دێموکراتیزە کردنی ئێران هەوڵ بدەن**" (١٧)

حاشای لێ ناکرێ سیاسەتی یەک بان و دوو هەوای کۆمۆنیستەکان لەمەڕ مافی دیاریکردنی چارەنووسی گەلان (چ لە مۆسکۆ و چ لە وڵاتانی حاکم بەسەر کوردستاندا) و بارگرانیی چەپی ئۆرتۆدۆکس و پرۆ - سۆڤیەتی لەسەر بیری نەتەوایەتیی بژاردەکانی کورد لەدوای شەڕی دووەمی جیهانی، کاریگەریی نەرێنییان لەسەر زوڵاڵیی ڕوانگە و گوتاری رزگاریخوازانەی کورد لە سەردەمی مۆدێرندا هەبووە(١٨). بەڵام سادەکردنەوەی ڕوومای مەسەلەکە و بچووککردنەوەی هۆکارەکانی دەبێ ئەگەر

هەموو تاوانەکە بخرێتە ئەستۆی سۆڤیەت. بەلەبەرچاوگرتنی ئەوە کە هەر لەو سەردەمەدا و بەتایبەتی لە دەهەی شەستی زایینییەوە زۆر گەلی دیکەی دنیا کە هێزە پێشڕەوەکانیان خۆیان لە ئۆردووگای سۆسیالیستیشدا پێناسە دەکرد خەباتی ڕزگاریخوازانەی خۆیان بە ئاکام گەیاند، ئەوەی هێزە کوردییەکانی لە نیوەی دووەمی سەدەی بیستەمدا هێنابووە سەر فۆرموولە کردنی چارەسەری پرسی کورد لە چوارچێوەی دەوڵەتانی مەوجووددا زۆرتر چەسپانی پارامێترە حقووقییەکانی پارێزەری ئەو دەوڵەتانە لە یاسای نێونەتەوەییدا، بێمەیلیی زلهێزەکان بەڕووی کورددا، دۆخی ژێئۆپۆلیتیکی ناوچە و واقعیەتە مەیدانییە نالەبارەکانی خەباتی کورد بووە(١٩).

بەمجۆرە لە پاش شەڕی دووەمی جیهانییەوە هەتا ئێستا - جیا لە پارتی کرێکارانی کوردستان(ی پێش ساڵی ٢٠٠٣)- زۆربەی هەرە زۆری پارتە سیاسییە بەڕابردووەکانی سەر گۆڕەپانی بزوتنەوەی کورد دروشمی چارەسەری پرسی کورد لە چوارچێوەی دەوڵەتانی مەوجوودیان هەڵگرتووە، بەڵام لە جۆری فۆرموولکردنی ئەو ڕێگاچارەیەدا جیاوازییان لەنێواندا هەبووە.

لەسەر ئاستی گشتیی کوردستاندا، ئەمڕۆ مشتومڕی پێوەندیدار بە بارگرانیی پرسی چینایەتی لەسەر مەسەلەی نەتەوایەتی زۆر کەمڕەنگ بۆتەوە. ئەوەندەی دەگەڕێتەوە سەر دروشمی نەتەوایەتییش، ئەگەرچی لە دوو دەهەی ڕابردوودا کۆنسەنسووس (ئیجماع)ێکی ڕێژەیی (دیارە نەک بە هەماهەنگی و ڕێککەوتن) لەسەر دروشمی فیدراڵی لەلای: لە ڕۆژهەڵات، حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران(٢٠)و کۆمەڵەی شۆڕشگێڕی کوردستانی ئێران(٢١) و لە باشوور، پارتی دێموکراتی کوردستان(٢٢) و یەکێتیی نیشتمانی کوردستان(٢٣) شکڵی گرتوە، لە ڕۆژهەڵات کۆمەڵە - ڕێکخراوی کوردستانی حیزبی کۆمۆنیستی ئێران هێشتا باس لە "حاکمیەتی شوراییی" دەکا(٢٤) و سازمانی خەباتی کوردستانی ئێرانیش ڕێگاچارەی پرسی کورد لە ئێران هەروا لە خودموختاریدا دەبینێ.(٢٥) ئەو ڕێکخراوانەش کە بەڕوونی سەربەخۆیی کوردستانیان خستۆتە پلاتفۆرمی خۆیان، جیا لە نموونەی بەسەرچووی پ.ک.ک لە باکوور، لە ڕۆژهەڵات بریتیین لە کۆمەڵەی زەحمەتکێشانی کوردستان،(٢٦) پارتی ئازادیی کوردستان(٢٧) و پارتی سەربەستیی کوردستان (٢٨)دیارە پ.ک.ک، بە لق و پۆپەکانی ڕۆژهەڵات و ڕۆژئاواشیەوە (بەتایبەتی پژاک و پەیەدە) لە ساڵی ٢٠٠٣ بەولاوە، لەپێناو دەستئاوەڵایی بۆ مانۆڕدانی سیاسی، چەمکی لێڵی "کۆنفێدرالیزمی دێموکراتیک"ی لە شوێن دروشمی ڕوونی سەربەخۆیی داناوە(٢٩). ئەو چەمکە کە وەک فۆرمی کەلانی بەڕێوەبەریی وڵات لە هیچ کوێی دنیا نابینرێ، زۆرتر چەمکێکی فەلسەفیی کۆمەڵگای مەدەنی-تەوەرە و هەروەک حاکمییەتە شوراییەکەی حیزبی کۆمۆنیستی ئێران و "کتێبی سەوز"ی قەزافی، پرسی سیستمی بەڕێوەبردنی وڵات لەگەڵ کەیفییەتی ئەو بەڕێوەبەرییە تێکەڵ دەکا و زۆرتر ڕەخنەیەکە لە کارکرد و تەنانەت وجوودی دەزگای نەریتیی دەوڵەت لەڕێگای تەرجیحدانی دێموکراسیی ڕاستەوخۆ بەسەر دێموکراسیی نوێنەرایەتیدا.

لەگەڵ ئەوە کە هەڵەیە تاوانی دۆخی ئەمڕۆی خەباتی ڕۆژهەڵاتی کوردستان هەمووی بخەینە سەر ئەستۆی دروشمی ستراتژی، حاشای لێ ناکرێ کە جیاوازیی قوڵاوگە (خواستگاه)ی فیکری و ستراتژیی سیاسی هەمیشە سەرچاوە یا بیانوویەک بۆ ناتەبایی و تەنانەت گرژیی نێوخۆیی بزوتنەوەی سیاسیی ڕۆژهەڵاتی کوردستان بووە. بۆ نموونە لە ئەزموونی مێژوویی هەیئەتی نوێنەرایەتی گەلی کورددا و لە کاتی وتووێژەکانی پاش ئینقلاب، کۆماری ئیسلامی جیاوازییە سیاسی و ئیدئۆلۆژییەکانی نێو هەیئەتی کوردی دەکردە بیانووی تەگەرە خستنە سەر وەڕێکەوتنی وتووێژی راستەوخۆ(٣٠). ئەوە بەدەر لەوە کە دواتر ئەو جیاوازییانە لانیکەم لە ریتۆریکدا بوونە هەوێن و کەرەستەی شەڕی کۆمەڵە و حیزبی دێموکڕات. جیاوازی لە ئامانج و شێوەکانی خەبات لەنێوان لایەنە کوردییەکاندا هەروەها کۆسپێکی گەورەی سەر ڕێگای شکڵگرتنی ئەو یەکگرتووییە بووە کە بۆ سەرکەوتنی خەبات لەنێوان هێزە سیاسیەکان و لەنێوان ئەوان و کۆمەڵگادا پێویستە، بەچەشنێک کە تەنانەت لەو حاڵەتە کەمانەدا کە چوارچێوەیەکی دەڵەمە بۆ هاوکاری و هاوخەباتیی هێزە سیاسییەکانی ڕۆژهەڵات پێکهاتووە، نالێکی لە دروشمی سیاسی و تاکتیکی تێکۆشاندا هۆیەکی بنەڕەتیی گەشەنەکردنی ئەو چوارچێوانە لەڕووی چلۆنایەتی و چەندایەتییەوە و تەنانەت بەجێهێشتن و هەڵپەساردنیان بووە. بۆ نموونە چەندین ساڵ پێش ئەوەی بەدوای شۆڕشی ژینادا مەسەلەی "جۆرج تاون" ناوەندی هاوکاریی حیزبەکانی کوردستانی ئێران پەک بخا، سازمانی خەباتی کوردستانی ئێران مەسەلەی دروشمی وەک یەکێک لە هۆیەکانی کشانەوەی خۆی لەو ناوەندە ڕاگەیاند(٣١).

**حاشای لێ ناکرێ کە ڕووبەڕووبوونەوە لەگەڵ ئالەنگاریی نالێکیی دروشم و ستراتژیی سیاسییش بەبێ شرۆڤەی قووڵ و گفتگۆی پشوودرێژ لەسەر بنەمای هزری و گونجاویی سیاسیی ئەو دروشم و ستراتژییانە مومکین نیە.**

### سەروەریخوازی، غایبە گەورەکەی گوتاری نەتەوایەتیی ڕۆژهەڵات

بەدەر لەوە کە حیزبەکانی کوردستان لە ڕابردوو و لە سەردەمی ئێستادا هەڵگری چ دروشمێکی نەتەوایەتی بوون و هەن، و بە پێچەوانەی ئەوەی دەکرا چاوەڕوان بکرێ، ئەو چەمکە چەمکێکی زۆر کەمڕەنگ، ئەگەر نەڵێین غایبی نێو خیتابی سیاسیی کورد بەگشتی و کوردی ڕۆژهەڵاتی بەتایبەتییە. هۆیەکەشی ڕەنگە بۆ ئەوە بگەڕێتەوە کە بەهۆی هاوواتایی سەروەری لەگەڵ "حاکمیت" و تێگەیشتنی نەریتی لەو چەمکە وەک تایبەتمەندیی دەوڵەتی سەربەخۆ و بە پێڕەوی لە داکترینێکی سیاسیی ڕاهاتوو بە بیرکردنەوە و جوڵە تەنیا لە چوارچێوەی دەوڵەتی مەوجووددا، هێزە سیاسیەکانی کورد ئەوەندەی ڕەعایەتکردنی حەساسیەتی بژاردە سیاسییەکانی گەلی حاکم و بەرپەرچدانەوەی تۆمەت و گومانەکانیان لەمەڕ جودایخوازی و تەجزیەتەڵەبییان بۆ گرینگ بووە، ئەوەندە خۆیان بە داڕشتنی گوتارێکی نەتەوایەتیی لەڕووی حقوقیەوە تۆکمە و زانستیەوە خەریک نەکردووە، گوتارێکی ڕووک و بنەما پتەو کە وێڕای ئەوەی قابلیەتی سازان لە چوارچێوەی دەوڵەتی مەوجودیشیدا هەبێ، ناوەرۆکێکی زاتەن دەوڵەمەندی لێ بکەوێتەوە.

دیارە ئەوە بەو مانایە نیە کە بەرنامە و پەسندکراوەکانی هیچکام لە پارتە سیاسییەکانی ڕۆژهەڵات باسی سەروەری ناکەن. یەکەم جار بڕیارنامەیەکی حیزبی دێموکراتی کوردستان دەستەواژەی "گوتاری سەروەریخوازانە"ی بەکاربرد(٣٢) و بەرنامەی هەمان حیزبیش لەپێوەندیی لەگەڵ ڕەنگدانەوەی نیهادیی یەکیەتیی ئارەزوومەندانەی نەتەوەکان لە ئێراندا ئاماژەی بە "سەروەریی هاوبەشی قەوارەکانی نێو فێدراسیۆن" دەکرد. (٣٣)هەروەها بەرنامەی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران دەڵێ: "نەتەوەی کورد خوازیاری ئەو مافانەیە کە نەتەوەکانی خوازیاری سەروەری (حاکمیەت)ی سیاسی و دەوڵەتی سەربەخۆ بۆخۆیانی بە ڕەوا دەزانن "و ئەو بەرنامەیە بۆیە فیدرالیزم بە گونجاوترین سیستم بۆ داهاتووی ئێران دادەنێ "چونکە لە وەها سیستمێکدا نەک تەنیا دەسەڵات بەڵکوو سەروەرییش لەنێوان حکومەتی فێدراڵ و حکومەتە هەرێمییەکاندا دابەش دەکرێت(٣٤). بۆ نەتەوەی کورد[یش] گرینگ ئەوەیە لەسەر خاکی خۆی سەروەر بێت". (٣٥)

کێشەکە ئەوەیە کە ئەو ئاماژانە زۆرتر لە دیباچەی بەرنامەکاندا هاتوون نەک لە بەندە "ئۆپێرەتیڤ" (کارا)کاندا.(٣٦) لەلایەکی دیکەوە، ئەگەر لە پەسندکراوێکی حیزبییشدا باسی سەروەری و سەروەریخوازی کرابێ، ئەو ئاماژانە تەنیا لەسەر کاغەز ماونەوە و سەروەریخوازی لە گوتاری سیاسیی ڕۆژانەی سەرکردایەتیی بزوتنەوەی سیاسیی کوردستاندا زۆر کەمڕەنگە و ڕەنگدانەوەیەکی یەکجار لاوازی لە ڕەفتار و گوتاری حیزبەکان بەتایبەتی لە کاتی گفتگۆ و دانوستان لە بەستێنی ئێرانیدا هەیە.

پارادۆکسەکە بەڵام لەوەدایە کە سەروەری لەحاڵێکدا غایبە گەورەکەی نێو وتاری نەتەوایەتیی پارتەکانی ڕۆژهەڵاتە کە زۆربەی نزیک بە تەواوی ئەو پارتانە لە بەرنامەی خۆیاندا باسی مافی دیاریکردنی چارەنووس دەکەن، تەنانەت ئەو حیزبانەش کە شێوەی سنووردار یان ناڕوونی وەدیهێنانی مافەکانی کورد پێشنیار دەکەن.(٣٧) هەر لە درێژەی ئەم پارادۆکسەدا پێویستە سەرنج بدرێتە ئەو ڕاستییەش کە مافی دیاریکردنی چارەنووسی کورد لە وتاری سیاسیی حیزبەکاندا نەک تەنیا ئەو کاتەی لە مامەڵە لەگەڵ ئێرانییەکاندان، بەڵکوو لە بەستێنی کوردییشدا کەمتر باس دەکرێ. بەم چەشنە جۆری دروشم و نێوەرۆکی گوتار نەک هەر لە ناسنامەی سیاسیی بزوتنەوەی ڕۆژهەڵات ڕوو بە دەرەوەی خۆیدا ئالەنگارساز بووە، بەڵکوو بە گواستنەوەی مەنتالیتەیەکی سیاسیی بەپارێز لە نەوەیەکەوە بۆ نەوەیەکی دیکە، لە ڕەهەندی پەروەردەیی و زەینیشدا ڕاڕایی و تەزادە دەروونییەکانی خۆی بەرهەم هێناوەتەوە.

پارادۆکسی باسکراو لەو هاودژییە لۆژیکە سەرچاوە دەگرێ لەنێوان ئەوەدا کە پارتێکی سیاسی داوای مافی دیاریکردنی چارەنووس بکا و هاوکات یەکێک لە فۆرمەکانی وەدیهێنانی مافی چارەنووسیش پێشنیار بکا. سروشتیە کە هێزێکی سیاسی



سەرچاوە
Serchawe

وەک بەشێک لە کۆمەڵگا کە دەیەوێ کۆمەڵگا بۆ ئامانجێکی سیاسی مۆبیلیزە بکا، وەها پێشنیارێک بخاتە ڕوو. بەڵام ئەگەر قەرار بێ باس لە مافی دیاریکردنی چارەنووس بکرێ، ئەوە تەنیا گەلە کە دەتوانێ تەمرینی ئەو مافە بکا و تەنیا بە ریفراندۆمیش دەکرێ وڵامی ئەو پرسیارە بدرێتەوە کە گەل چی دەوێ. پارتە سیاسییەکانیش ئەو کاتە دەتوانن ئەرجەحیەتی خۆیان بۆ یەکێک لە فۆرمەکانی دیاریکردنی چارەنووس دەرببڕن.

## کێشەی ناجێگیری لە دروشمی ستراتژیکدا

لەتەنیشت ئەو نالێکی و جیاوازییانەی لە دروشمی نەتەوایەتیی پارتە کوردییەکانی رۆژهەڵاتدا ئاماژەی پێ کرا، کەمایەسییەکی دیکە بریتیە لە ناپایەداری و نەوەسان لە دانان و گۆڕینی دروشمدا. هۆی سەرەکیی ئەم ناجێگیرییەش کە بۆ یەکگرتوویی نێو ماڵی کورد و میسداقیەتی سیاسی و پلانمەندکردنی خەباتی درێژخایەن کێشەسازە، چەشنی ڕوانین بۆ جەوهەری پرسی کورد و پاساوەکانی هەڵبژاردنی دروشمێک لەجیاتی دروشمێکی دیکەیە.

ئەگەر تەنیا چاو لە دروشمی ستراتژیکی حیزبی دێموکرات بکەین، دەزانین کە ئیستدلالە تیئۆرییەکانی پێوەندیدار بە هەڵگرتنی دروشمی خودموختاری لەلایەن ئەو حیزبەوە زۆر دوای ڕووخانی کۆماری کوردستان و لەڕاستیدا لە سەردەمی خۆسازدانەوەی رێبەرانی ئەو حیزبە لە هەندەران شکڵ دەگرن. ئەو ئیستدلالانە پێوەندییان بەو واقعییاتەوە هەیە کە لە نیوەی دووەمی سەدەی بیستەم بەولاوە مەسەلەی کوردیان کاراکتێریزە کردوە .(٣٨) بەدرێژایی دەیان ساڵ خەباتی ئەو حیزبە بۆ دێموکڕاسی لە ئێران و خودموختاری لە کوردستان، ئەو دروشمە بە هۆکاری عەینی واتە هەلومەرج، وەک واقعبینانەترین دروشمی مومکین پاساو دراوە. ئەو حیزبە هەر لە زووەوە رایگەیاندووە کە فیدرالیزم بۆ داهاتووی سیاسیی ئێران بە لەبارترین سیستمی سیاسی و بەڕێوەبەری دەزانێ، بەڵام بە لێکدانەوەی هەلومەرجی خەباتی خۆی و دەرەتان و توانای ئەو خەباتە و رادەی هاتنە مەیدانی گەلانی دیکەی ئێران دروشمی خودموختاریی بە دروشمی گونجاو و مەعقولی وەخت زانیوە (٣٩)

کاتێک حیزبی دێموکڕاتی کوردستانی ئێران لە کۆنگرەی سێزدەهەمی خۆیدا(٤٠) دروشمی ستراتژیکی خۆی لە خودموختارییەوە بۆ فێدرالیزم گۆڕی، ئەو حیزبە دیسان بە پەنابردن بۆ فاکتەرە دەرەکییەکان (هەلومەرج و هەڵوێستی ئەکتەرە پێوەندیدارەکانی تر) ئەو گۆڕانکارییەی پاساو دا. کۆنگرە وێڕای وەبیرهێنانەوەی ئەو ڕاستییە کە حدکا **" نە قەت خودموختاریی بە تاکە شێوە و گونجاوترین رێگا بۆ چارەسەری مەسەلەی میللی لە ئێراندا زانیوە و نە بەرامبەر ناسین و لەباربوونی فیدرالیزم بێئاگا بووە"**، پێی لەسەر ئەوە داگرتەوە کە " ئەوەی تا ئێستا و لە داهاتووشدا دەبێتە هۆی هەڵگرتنی دروشمێک یان گۆڕینی دروشمێکی هەڵگیراو، زیاتر کەش و هەوای سیاسیی نێونەتەوەیی و چۆنیەتیی

سەیرکردنی مافی گەلان لەلایەن خودی گەلانی ئێرانەوە و باوبوونی ڕێگاچارەی ئەو جۆرە مەسەلانە لە بیروڕای گشتیی جیهانیدایە.".(٤١)

ئەوە کە بزوتنەوەیەکی سیاسی بەپێی ئاڵوگۆڕی هەلومەرجی دنیا و ناوچە یان گۆڕانی ویستی خەڵکەکەی و رادەی ئامادەیی کۆمەڵگای وڵاتەکەی دروشمێک لە جێگای دروشمێکی دیکە دابنێ یان پەنا بۆ تاکتیکی جۆراوجۆر ببا، شتێکی ڕەوا و پێویستە. بەڵام ئەگەر بێت و بزوتنەوەیەک پلورال بێت و لە چەندین ئەکتەری بە نفووز و قەبارە بچووک و مامناوەند و گەورە پێکهاتبێ کە هەرکامەیان درێژکراوەی ڕێژەیەکی جیاواز لە کۆمەڵگا بن، ئەو وەختە ئەو زەروورەتە دێتە پێش کە چەمکێکی بناخەیی و دائیمی بکرێتە سەنگی بەنای ستراتژییەکانیان بۆ ئەوەی لە پێچ و قۆرتەکانی ئەو خەباتەدا کە دەیبەنە پێش و لە دەمی دروستبوونی جیاوازیی روانین لە ئاقارەکانیاندا هەمیشە بەهایەکی بەهێز و دوورەدیمەنێکی هاوبەش لەدەوری یەکتر کۆیان بکاتەوە و پێکەوەیان رابگرێ. لەلایەکی دیکەوە، بزوتنەوەیەک کە ناچارە لە هەلومەرج و قۆناغی جیاوازدا خەبات بکا و لە دەرەوەی خۆیشیدا لەگەڵ لایەن و ئەکتەری فرەچەشن ڕووبەڕوویە کە ڕوانگەی زۆربەیان دڵخواز نیە، دەبێ لە هەموو هەلومەرجێک و لە مامەڵە لەگەڵ هەموو ئەو ئەکتەرانەدا بتوانێ بە شەفافی باسی ڕۆئیای سیاسی و فەلسەفەی وجوودیی خۆی بکا و وشە کلیل (کلید واژە)یەکی بۆ پلاتفۆرمی خۆی پێ بێ کە وەک کۆدێکی ئاسان لایەنەکانی دیکە و کۆمەڵگای فراوان لێی تێ بگەن و بزوتنەوەکەی پێ بناسنەوە. ئەو وشەکلیلەش دەبێ گوزارش لە بیرۆکەیەکی سیاسی بکا کە وێڕای ئەوەی زەرفیەتی مانۆڕدان و سازانی تێدابێ، لەژێر هەر ناو و فۆرمێکیشدا ناوەرۆکێکی دەوڵەمەند لە مافەکان دەستەبەر دەکا. هەربۆیەشە دروشمی ستراتژیی بزوتنەوەیەک بە هەلومەرج و تایبەتمەندیی بزوتنەوەی کورد لە ڕۆژهەڵات پێویستە بنەمایەکی پایەدار و قائیم بەزاتی هەبێ و تەنیا پێڕەوی هەلومەرج نەبێ.

### سوودەکانی پەسندکردنی سەروەریخوازی

وەک لە پێشەکیی ئەم وتارەدا ئاماژەی پێ کرا، مەبەست لە خستنەپێشی چەمکی سەروەریخوازی پێشنیاری ئاڵوگۆڕ لە دروشمی ستراتژیی هیچ حیزبێکی سیاسیدا نیە. لەوەش وردتر، مەبەست گۆڕینی دروشمی فیدراڵی بۆ سەربەخۆیی نیە. ئەو سەرنجە بۆیە پێویستە چونکە زۆر جار بۆ نادیدەگرتنی ڕوانگەی ڕەخنەگرانی وتاری نەتەوایەتیی تا ئێستای پارتە سیاسییەکانی ڕۆژهەڵات، باسەکە بە لاڕێدا دەبرێ و وا نیشان دەدرێ کە هەموو ئەو ڕەخنەگرانە بە خۆشخەیاڵی و بەدوور لە ئەرزی واقیع، داوای کوردستانی گەورە دەکەن! لەحاڵێکدا قسە نەک لە ویستی سەربەخۆیی بەڵکوو لە وتارێکی نەتەوەیی تۆکمەتر، زانستیتر و باوەڕبەخۆتره کە هەم وڵامدەرەوەی پێویستییەکانی سەردەمی ئێستا و چاوەڕوانییەکانی نەوەی نوێ بێ و پۆتانسیەلەکانی کۆمەڵگا لە هەموو بەستێنەکانی خەباتدا وەگەڕ بخا، هەم دەرەفەتی تەیاری و فێڵبازیی

هزری ناوەندگەراكان و ئاڵۆزییە سیاسی و قانوونییەكانی دواڕۆژ بێ.

سەرووەریخوازی، بە مەرجێك تەنیا وشە یان چەمكێكی فیكری نەبێ كە بە بەرنامەی حیزبەكان یان بە پلاتفۆرمی هاوبەشیانەوە زیاد كرابێ، بەڵكوو وەك چەمكێكی سیاسیی بنەڕەتی لەنێو گوتاری گەورە و زیندووی بزوتنەوەی ڕۆژهەڵاتدا كاری لەسەر بكرێ و لە دینامیزمی نیوخۆیی بزوتنەوە و كۆمەڵگادا هەروەك لە مامەڵە لەگەڵ ئێرانییەكان و ئەكتەرە دەرەكییەكانی دیكەدا بەردەوام بەكار بێ، دەتوانێ نەخشی سەنتێز لە گوتاری نەتەوەیی ئەو بزوتنەوەیەدا بگێڕێ، ئەمسەر ئەوسەرەكانی پانۆڕامای سیاسیی ڕۆژهەڵات پێك ببەستێتەوە، درزە كۆن و نوێیەكان پڕ بكاتەوە و پانتایی نوێ بۆ داهێنان و ئالەنگاری دروست بكا.

### بەشێك لە سوودەكانی دارشتنەوەی گوتاری نەتەوەیی ڕۆژهەڵات بە لۆژیكی سەرووەریخوازانە بریتیین لە:

١- سەرووەریخوازی خولاسەیەكی ئەمانەتدارانەی ویستیی مێژوویی كوردە. بزوتنەوەی كورد لە سەدان ساڵ لەمەوبەرەوە تا ئێستا، چ نەریتی بووبێ چ مۆدێرن، تەواو دابەش بووبێ یان هێندێكیش یەكگرتوو، فەرمانڕەواكانی كوردستان هەر كەس بووبن و دروشم و داوای نوێنەرانی كورد هەرچییەك بووبێ، هەمیشە بزوتنەوەیەكی ڕزگاریخوازانە بووە. تەنانەت تێگەیشتنی دروست كە لە درەوشاوەترین ئەزموونی مێژوویی ئازادیی كورد لە سەرەتای سەردەمی مۆدێرندا، واتە كۆماری كوردستان، لە یادەوەریی بەكۆمەڵی كورددا بەجێ ماوە - تەنانەت لە خوێندنەوەی حیزبی دێموكڕات و دوكتور قاسملوو بۆ ئەو كۆمارەدا — ئەوەیە كە ئەو كۆمارە سەرووەریی كوردی وەدی هێنابوو.(٤٢)

٢- سەرووەریخوازی سەرەڕای ماهیەتی ڕزگاریخوازانە و دوورەدیمەنی ئەوپەڕی ئازادیی كورد كە لەپێش ڕۆڵەكانی ئەو گەلەی ڕادەگرێ، چەمكێكی سیاسیی بەزەرفیەت و لاق لەسەر عەرزە. بە واتایەكی تر، قابلیەتی ئەوەی هەیە لە هەوراز و نشێوی هەلومەرج و هەڵكشان و داكشانی بالانسی هێزدا هەم لە بەرامبەر دەسەڵاتی ناوەندی و هەم لەگەڵ لایەنەكانی ئۆپۆزیسیۆن مانۆڕی پێ دەدرێ، بەبێ ئەوەی بژاردەی سیاسیی كوردی ڕۆژهەڵات ناچار بێ لە جەوهەری راستەقینەی مافەكانی كورد پاشەكشە بكا. سەرووەریخوازی بەبێ ئەوەی هەمیشە بە مانای سەربەخۆیی گەلێك بێ، دەتوانێ مافەكانی ئەو گەلە لە چوارچێوەی دەوڵەتی مەوجووددا لە پێشكەوتووترین پلە و ئاستی مومكیندا دابین بكا. ئەمەش دەرەتانی ئەوە ناهێڵێ كە هیچ لایەنێكی كورد بەتەنیا لەگەڵ دەسەڵات یان ئۆپۆزیسیۆن بچێتە نێو دانوستانێكەوە كە ئاكامەكەی داكشاندنی ویستی كورد بێ.

٣- سەروەریخوازی دەتوانێ تەواوی لایەنەکانی رۆژهەڵاتی کوردستان (بە مەرجێک هەڵقولاوی ئەوێ بن و ئاجێندای پارچەیەکی دیکە لە رۆژهەڵات نەبەنە پێش) لە دەوری یەکتر کۆ بکاتەوە، چ ئەوانەی ئارەزووی سەربەخۆیی دەکەن، چ ئەوانەی داوای خودموختاری و کەمتر لە خودموختاری دەکەن، و چ ئەوانەی بۆ فیدرالیزم تێدەکۆشن. بەهۆی ئەو زەرفیەتانەی سەروەریخوازی لە فۆرمولاسیۆنی ویست و ئامانجەکاندا پێکی دێنێ، گیروگرفتەکانی پێوەندیدار بە جیاوازیی دروشم و بنەما ئالێک و هاودژەکان وەک ئاستەنگی گەیشتن بە پلاتفۆرمی هاوبەش گرینگیی خۆیان لەدەست دەدەن. لەبەر ئەوەی کۆکردنەوەی هەموو هێزەکانی رۆژهەڵات لە دەوری پلاتفۆرمێک و لە چوارچێوەیەکی جێگرەوە یان گەشەکردووی ناوەندی هاوکاریی حیزبەکاندا ئەولەویەتێکی ڕوونە، دەکرێ پلاتفۆرمی وەها ناوەندێک هێز و لایەنە کوردییەکان لەسەر بنەمای سەروەریخوازی یەک بخا بەبێ ئەوەی حەتمەن ئاماژە بە یەکێک لە فۆرموولە بەڕێوەبەرییەکانی وڵات بکا یان سیاغی ئاماژە بە فۆرموولە بەڕێوەبەرییە مومکینەکان بە جۆرێک بێ کە هەموو لایەنەکان خۆیانی تێدا ببیننەوە.

٤- بە پێچەوانەی مافی دیاریکردنی چارەنووس کە بەهۆی ئاکامە هەرە پێشکەوتووەکەی (سەربەخۆیی) پارتە سیاسییەکانی کورد لە بەستێنی ئێرانیدا کەمتر بەلایدا دەچن، سەروەریخوازی بەبێ ئەوەی مسۆگەر هەمیشە بە مانای سەربەخۆیی بێ، دەرفەتی مانۆڕلەسەردانی زۆرە. بەکاربردنی ئەو چەمکە لەگەڵ ئەوەدا کە دەتوانێ بۆ ئێرانییەکان شۆکێکی زەینیی دیکە لە چەشنی گوتاری فیدرالی دروست بکا و باس و پرسیار لە ئاستی سەراسەریدا دروست بکا، جارێکی دیکە فۆکووسی کۆڕ و کۆمەڵە بەناو سەراسەرییەکان دێنێتەوە سەر جەوهەری راستەقینەی ویستی سیاسیی کورد.

٥- سەروەریخوازی بەبێ ئەوەی ناچار بێ سەربەخۆیی بکاتە سەرلەوحی داوای گەلی کورد لە رۆژهەڵات (شتێک کە تەواو ڕەوایە)، دەتوانێ یارمەتی بە شکڵگرتنی وتارێکی نەتەوایەتیی بەهێز و دەوڵەمەند بکا کە بەڕووی ناوەوە و دەرەوەی کۆمەڵگای کوردستاندا بەرهەمهێنەر بێ؛ هەم گوتاری رەخنەهەڵگری حیزبەکان لەگەڵ هەستیاریی نەتەوایەتیی گەشەکردووی کۆمەڵگای رۆژهەڵات ئاشت بکاتەوە، هەم بەڕووی ئێرانییەکاندا لە عەینی سیاسی بوون و بەرپرسیار بوون، شەفاف و باوەڕبەخۆتر بێ. ئەودەم حیزبەکانی رۆژهەڵات دەتوانن چ ئەو کاتەی بە کوردی دەدوێن و چ ئەو کاتەی بە فارسی یان بە زمانێکی بێگانە قسە دەکەن، بە هەمان لۆژیک و ئەدەبیات تەعبیر لە ناوەرۆکی ویستی ئەمڕۆ و ئامانجی درێژخایەنی کورد بکەن.

٦- هیچ نەتەوەیەکی هەڕەشەلەسەر بەبێ خەون و باوەڕ هەرمانی خۆی پێ دەستەبەر ناکرێ. گەلێک کە لەباری مەیدانییەوە تەنگی پێ هەڵدەچنرێ، نابێ لە بەستێنی گوتارییشدا پاشەکشە بکا. سەروەریخوازی دەبێتە هۆی ئەوە کە بژاردەی سیاسیی کورد بەبێ ئەوەی هەلومەرج و رەفتار و روانینی ئەکتەرەکانی دەرەوەی خەباتی خۆی نادیدە بگرێ،



سەرچاوە
Serchawe

بنەمایەکی زاتی و دائیمی بە ویست و داوای ڕەوا و مێژوویی گەلەکەی ببەخشێ. ئەوەش لە کاریگەری خراپی زەینی و سیاسیی سەختی و هەڵگەڕانەوەی بارودۆخ و ئاڵوگۆڕ لە دروشمەکان کەم دەکاتەوە.

٧- سەروەریخوازی لەبەر ئەوەی بە وشەیەک هەموو ماناکە دەگەیەنێ بەبێ ئەوەی خۆی بە فۆرمێکی دیاریکراوی سیاسی و بەڕێوەبەری ببەستێتەوە، دیلەمای نێوان فۆرم و نێوەڕۆک بە قازانجی گرینگیدانی زیاتر بە نێوەڕۆک چارەسەر بکا. هەر ئەوەش وا دەکا کە نەک هەر حیزب و لایەنە سیاسییەکان بەهۆی دروشمەوە لێک دوورنەکەونەوە و هاوخەباتی بەکردەوەی یەکتر بن، بەڵکوو خەڵک و بژاردە مەدەنییەکانیش ناچار نابن بەو هۆیەوە دابەش بن.

٨- لە سەردەمێکدا کە فرەچەشنییە ناسنامەییەکانی نێو کۆمەڵگای ڕۆژهەڵات زیاتر لە بەستێنی سیاسیدا سەریان وەدەرناوە و چاوەڕوانیی بەڕەسمی ناسین و بەشداربوونیان لە بزوتنەوەی سیاسیی کوردستاندا هەیە، هەروەها لە کاتێکدا کە پرسەکانی دیکەی کۆمەڵگا وەک یەکسانیی چینایەتی و ژێندەری هەروا لە ڕۆژەڤی واقعیەت و پێویستییەکانی کۆمەڵگادان، سەروەریخوازی دەتوانێ پانتاییەکی گوتاریی فراوان دروست بکا کە هەموو ئەو چاوەڕوانی و هەستیارییانە خۆی تێدا ببیننەوە. سوودی گەورەی سەروەریخوازی لێرەدا ئەوەیە کە هاوکات لەگەڵ ئەوە کە دەتوانێ ئاوڕدانەوە لە پرسەکانی دیکەی کۆمەڵگاش لە خۆیدا جێ بکاتەوە، لە گۆشەنیگای ئیدئۆلۆژییەوە بۆ ئەو پرسانە ناڕوانێ و چیدیکە هێزە سیاسییەکانی کوردستان بەهۆی باکگراوەندی جیاوازی فیکری یا ئیدئۆلۆژی دەرگیری یەکتر نابن.

## لێکەوتەکانی گوتاری سەروەریخوازانە

بە هەموو ئەو تێبینیانەوە کە لەبارەی پێویستیی زەقکردنەوەی چەمکی سەروەریخوازی لە گوتاری سیاسیی ڕۆژهەڵاتدا باس کرا، هێشتا ڕەنگە ئەو پرسیارە بێتە پێش کە ئایا سەروەریخوازی بە شێوەی کۆنکرێت چۆن فۆرموولە دەکرێ، لە مەیدانی کردەوەدا بە چ شێوەیەک تەرجومە دەکرێتەوە و دەتوانێ چ شتێک لە گوتار و کرداری بزوتنەوەی ڕۆژهەڵات بگۆڕێ؟

لە سادەترین ڕوانیندا، ئەگەر چەند حیزب و ڕێکخراوی ڕۆژهەڵاتیی بە بەرنامە و دروشمی جیاوازەوە بیانەوێ لە چوارچێوەی پلاتفۆرمێکدا کۆمەڵێک بنەما وەک نەخشەڕێگای کاری هاوبەش و درێژمەودایان گەڵاڵە و پەسند بکەن، یەکەمین و گرینگترین بنەمای ڕێککەوتننامەی بنچینەیی ئەوان دەتوانێ لەجیاتی دروشمە جیاوازەکان ئاماژە بەوە بکا کە ئامانجی ئەو لایەنانە وەدیهێنانی سەروەریی نەتەوایەتیی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستانە. دیسان ڕەنگە بگوترێ ئەمە چ جیاوازییەکی لەگەڵ مافی دیاریکردنی چارەنووس هەیە؟ وەک لە سەرەوە باس کرا، مافی دیاریکردنی چارەنووس پێویستە



سەرچاوە
Serchawe

لە گوتاری سیاسیی کوردی ڕۆژهەڵاتدا هەر بمێنێ و زۆر زیاتریش لە ئێستا ئاماژەی پێ بکرێ. بەڵام مافی بڕیارلەسەرخۆدانی گەلان، بەدەر لە تەزادە فەلسەفی و سیاسییەکانی، قابلیەتی بەدروشم بوونی نیە، چونکە هیچ ناوەرۆکێک دەستنیشان ناکا. تەنانەت وەک لە ڕەوتی ڕزگاریی گەلان لە ئیستعماردا لە هێندێک حاڵەتدا ڕووی دا، گەلێک لەکاتی دیاریکردنی چارەنووسی خۆیدا دەتوانێ بڵێ هیچم ناوێ و دەمەوێ لەگەڵ داگیرکەر بمێنمەوە!(٤٣)

بۆ بزوتنەوەی گەلێکی ژێردەستە کە بە ڕوونی و بێ دوودڵی سەربەخۆیی لە سەرەوەی ئامانجەکانی یان ئامانجی کۆتایی خۆی دانەنێ، سەروەریخوازی زیاتر لەوە کە بەتەنیا و بە خودیی خۆی دەرەنجامی ڕاستەوخۆی هەبێ یان بزوێنەری پرۆسەیەکی سیاسیی هێڵی(٤٤) بێ، زۆرتر فەلسەفەیەکی جیاوازی گوتاری و بەستێنێکی نوێی خۆناساندن و خۆدەرخستنی بەکۆمەڵ پێشکەش دەکا کە بەدەر لە خودی چەمکەکە، ڕیزێک چەمک و پرەنسیپی دیکەی پێوەندیدار بە ئیمتیازەکانی گەلێکی سەربەست بەرجەستە دەکاتەوە کە لە خوارەوە ئیشارە بە هێندێکیان دەکەین

**(هەرکام لەوانە هەڵدەگرێ توێژینەوە و وردکردنەوەی بەجیایان بۆ بکرێ):**

١- پێش هەموو شتێک پێویستە وشەی سەروەری و چەمکی سەروەریخوازی لە گۆشەی تۆزلەسەرنیشتووی پێشەکیی بەرنامەی سیاسیی حیزبەکانی ڕۆژهەڵات بێتەدەر و بچێتە نێو بەندە ئۆپەرەتیڤەکانی ئەو بەرنامانە. ئەو چەمکە وەک وشەکلیل و کۆدی سیاسیی بزوتنەوەی کوردستان پێویستە بەشێوەی دائیمی و لە هەموو بەستێنەکاندا بەتایبەتی لە بەستێنی ئێرانیدا (لە دانیشتن و دانوستانەکان ڕا بگرە تا وتار و وتووێژە مێدیاییەکان) بکەوێتە سەر زار و زمانی سەرکردە و بژاردە سیاسیەکانی ڕۆژهەڵات.

٢- ئەو فەلسەفە و بەستێنە گوتاری و ناسنامەییەی لە سەرەوە باس کرا لەسەر خوێندنەوەیەکی مێژوویی لە بوونمانی گەل ڕادەوەستێ کە ئەو گەلە وەک نەتەوەیەکی تەواو جیاواز و تایبەتمەند لەچاو گەلانی دەوروبەری خۆی نیشان دەدا، تەنانەت ئەگەر ئەو گەلە وەک هەموو گەلانی دنیا کۆمەڵێک خاڵی هاوبەشی کولتوری و گرێدراویی مێژووییشی لەگەڵ گەلانی دەوروبەری هەبێ. کەمایەسییەکی دیاری گوتاری سیاسیی ڕۆژهەڵات بەڕووی دەرەوەی خۆیدا بەتایبەتی لە بەستێنی ئێرانیدا لاوازیی ئاماژە بە تایبەتمەندییەکانی کورد وەک نەتەوەیەکی جیاواز و لەوەش گرینگتر خۆبواردن لە هەر چەشنە ئاماژەیەکی مێژوویی بە ئەزموونە کۆنەکانی سەربەست ژیانی پێکهاتەکانی ئەو گەلە و دابەشکردنی کوردستانە.

هەر ئەو خوێندنەوە مێژووییە خۆتەوەرە بەستێنێکی لەبار دروست دەکا هەتا ئەو باس و مشت و مڕەی ڕووناکبیر و

ئەکادیمییەکانی ڕۆژهەڵات لەپێوەندی لەگەڵ پرسی کۆلۆنیالیزمی نێوخۆیی هێناویانەتە گۆڕ و گۆڤاری "تیشک" سەکۆیەکی ئەو باسە بووە بەڵام پارتە سیاسییەکان تا ئێستا لێی بێگانەن، بە کاناڵی دروست و بەرەو چۆڕاوگە (خروج)یەکی گونجاو بچێتە پێش. بە واتایەکی دیکە، سەروەریخوازی (لە عەینی بەزەرفیەت بوونی لەڕووی سیاسییەوە و قابلیەت بۆ مانۆڕدان) دەرفەتی ئەوە بە کوردی ڕۆژهەڵات و حیزبەکانیان دەدا کە بەبێ دوودڵی و بە ڕاشکاوی سیاسەتی ڕەچاوکراو لەگەڵ کوردستان لەلایەن دەوڵەتی ناوەندیی ئێرانەوە بە سیاسەتێکی داگیرکارانە پێناسە بکەن.

٣- گەلێک کە داوای سەروەری لە هەر شکڵێکدا بۆخۆی بکا، خاڵی دەسپێک و گەیشتنی ڕیوایەتە سیاسییەکەی، دۆخ و چارەنووسی خۆی و سەرزەمینەکەیەتی. حاشای لێ ناکرێ بزوتنەوەی سیاسیی ڕۆژهەڵات هەم توانای ئەوەی هەیە و هەم بە قازانجییەتی کە لە پرۆسە سیاسییە سەراسەرییەکان بەجێ نەمێنێ و چالاکانە لە ناوەندی مشت و مڕی سیاسیی ئێراندا بەشدار بێ. بەڵام ئەو ئاوێنە فریودەرە کە هێندێک لە ڕوخسارەکانی ئۆپۆزیسیۆنی ئێرانی لە شۆڕشی ژینادا لەپێش کوردیان ڕادەگرت بۆ ئەوەی بژاردەکانی ئەو گەلە بۆ هەموو ئێران ببنە پێشڕەو و ئەوان وەدوووی ئەمان بکەون، لە فێڵێکی شەرعی بۆ ئەوەی کورد وەک نەتەوە ببێ بە ئاردی نێو دڕوان و سەرکردەکانی ئەو گەلە عەوداڵی جێگە و پێگەی تاکەکەسیی خۆیان لە ئەڵتێرناتیڤی ڕێژیمدا بن، زیاتر نیە. باسکردن و کارکردن بۆ مافی کورد و گەلانی ژێردەستەی دیکەی نێو ئێران نابێ بە مانای بە ئێرانی کردنی مەسەلەی کوردستان یان بەپێچەوانەوە بە کوردستانی کردنی پرسی ئایندەی ئێران بێ. بە واتایەکی سادەتر، سەروەریخوازیی کورد لە ئێران دەبێتە هۆی ئەوە کە کوردی ڕۆژهەڵات زۆرتر کار لەسەر بنەماکانی بەهێزی و یەکگرتوویی خۆی بکا و بەشی زۆری سەرنج و وزە و توانای خۆی بۆ بنیاتنانەوەی ئێرانی ئایندە دانەنێ، چونکە لەو حاڵەتەدا کورد ناچار دەبێ لەجیاتی ئەوەی بەڕووی ئێرانییەکاندا هەڵگری سەنتێزی سیاسیی دەروونی خۆی بێ، داکۆکی لە سەنتێزێک بکا کە بۆ هەموو ئێران قابیلی قبووڵ بێ. بەلەبەرچاوگرتنی نائامادەیی زۆرینەی لایەن و بژاردە سەراسەرییەکانیش بۆ قبووڵکردنی ڕۆئیای سیاسیی کورد (بەتایبەتی ئەگەر مەبەست ئەوە بێ کە ئەو ڕۆئیایە بۆ هەموو ئێران بگشتێندرێ)، ئەو وەختە کورد ناچار دەبێ لەپێناوی سازانی گشتی لەئاستی ئێراندا لە بەڕەسمی ناسینی جەوهەری ڕاستەقینەی پرسی خۆی پاشگەز بێتەوە و بە لانیکەم ماف و ستاتووس بۆخۆی ڕازی بێ.

٤- ئاشکرایە ڕووخانی کۆماری ئیسلامی لە ڕۆژی ئەوەڵی هاتنەسەرکاری ئەو ڕێژیمەوە ئامانجی کوردی ڕۆژهەڵاتە و گەلی کورد زیاتر لە هەموو پێکهاتەکانی نێو ئێران بۆ ئەو ئامانجە تێکۆشاوە و قوربانیی داوە. بەڵام چارەسەری پرسی کورد لە ئێران گرێدراوی ئەم ڕێژیم و ئەو ڕێژیم نیە و حکومەتە یەک لەدوای یەکەکانی ئێران بەبێ جیاوازی بە توندترین شێوە بەدژی داوا ڕەواکانی کورد وەستاونەوە. سەروەریخوازی ڕەفتاری سیاسیی کورد لە ئێراندا لە بەرامبەر ڕەفتار و ڕوانینی دەسەڵاتی ناوەندیی ئێران لە بەستێنێکی مێژووییدا پێناسە دەکا نەک ئەوە کە تەنیا بیخاتە پێناو گۆڕینی ڕێژیم و



سەرچاوە
Serchawe

جێگرتنەوەی بە ڕێژیمێک کە دیار نەبێ لە گۆشەنیگای ستەمی نەتەوایەتییەوە لە ڕێژیمی ئێستا باشتر دەبێ یان نا.

٥- سەرەڕای هەموو نادادپەروەری و هەڵاواردنێک کە لە پیادەکردنی مافی چارەنووسی گەلاندا هەبووە، بەپێی ڕێبازێک لە یاسای نێونەتەوەییدا کۆمەڵەیەکی ئێتنیکیی جیاواز کە تایبەتمەندییەکانی گەل و نەتەوەی تێدا بێ (تەنانەت ئەگەر پێناسەی کۆلۆنی یان نیشتمانی داگیراو لەو یاسایەشدا نەیگرێتەوە بەڵام قوربانیی سەرکوت و سیاسەتی داگیرکارانە بێ) هەقی هەیە داوای تەمرینی ئەو مافە لە هەر شکڵێکیدا بکا. لە گوتاری سیاسیی بزوتنەوەی ڕۆژهەڵاتدا ڕوو بە ئێرانییەکان کەمترین ئاماژە بە مافی دیاریکردنی چارەنووس و ئەو پرەنسیپ و بنەما حقووقییە نێونەتەوەییانە دەکرێ کە لە کەیسی گەلی کورد لە ڕۆژهەڵاتیش دەتوانن چالاککردنی ئەو مافە لە هەر فۆرمێکدا پاساو بدەن. ئەگەر باسکردنی یەکێتیی ئارەزوومەندانە و هەقی جیابوونەوە بۆ کورد لە ئێران وەک مافێکی سروشتی و سەلمێنراو مەرج نیە خودبەخود بە مانای هەڵگرتنی دروشمی سەربەخۆیی بێ، لە بەرامبەردا خۆبواردن و سڵەمینەوە لە ئاماژە بەو پرەنسیپ و بنەمایە لەلایەن هێز و بژاردە کوردییەکانەوە لە بەستێنی ئێرانیدا لەجیاتی ئەوەی یارمەتی بەوە بکا کە گەلی حاکم یان کۆئالیسیۆنی مەزهەبی-ئێتنیکیی حاکم لە ئێران متمانە بە کورد بکا، دەبێتە هۆی ئەوە کە زیان بە متمانەبەخۆبوونی کورد بگا. سەروەریخوازی دەبێتە هۆی باسکردن و وەبیرهێنانەوەی بەردەوام و بێپەردەی ئەو مافە سەلمێنراوەی نەتەوەی کورد.

٦- بابەتی نەتەوە و مافی گەلان بابەتێکی هەستیار و ئاڵۆزی سیاسی و قانوونییە کە لەودا تێرمینۆلۆژیی بەکاربراو بۆ دەستنیشانکردنی کۆمەڵە مرۆییەکانی جێگای مەبەست یەکجار گرینگە و هەر تێرمێک هەڵگری کۆمەڵێک دەرەنجامی سیاسی و حقووقیی دیاریکراوە. گوتاری سیاسیی بزوتنەوەی ڕۆژهەڵات بەو جۆرەی لە زاری ڕەسمیی پارتە سیاسییەکانی ئەو بەشەی کوردستان بەتایبەتی بە زمانی فارسی دێتەدەر، کەمتەرخەمی و بێدیقەتیی زۆری پێوە دیارە و پێویستی بە پێداچوونەوە و خاڵ لەسەر پیتەکان دانانی ورد هەیە. سەروەریخوازی دەبێتە هۆی ئەوە کە لایەنە سیاسییەکانی ڕۆژهەڵات ئەو وەختە کە بە فارسیش دەدوێن، گەلی کورد لە ئێران بە نەتەوە ناو ببەن و تەنانەت بەبێ کۆمپلێکس (عوقدە)، وشەی "ڕۆژهەڵات" لە ئێران و لە دنیادا بخەنە سەر زار و زمانان. سەرنجڕاکێشە کە بۆ نموونە لەپەنا دەوڵەتی ئیرلەند، هەرێمێکی هەرە دیار و بەڕەسمی ناسراوی "ئینگلستان" واتە ئیرلەندی باکوور نەک تەنیا لە قانوونی دەستووریی ئینگلیستاندا ناوەکەی بەمجۆرە قبووڵ کراوە، بەڵکوو حیسابی زیاتر لە هەرێمەکانی دیکەی نێو ئینگلستانیشی بۆ کراوە، چونکە ناوی نێودەوڵەتیی وڵاتەکە بریتییە لە "شانشینیی بریتانیای گەورە و ئیرلەندی باکوور"). کەچی ناوی "ڕۆژهەڵات" یان "ڕۆژهەڵاتی کوردستان" بە ڕادەیەک بووە بە تاوان و تابووی قبووڵکراو کە کوردی ئەو بەشە لە کوردستان بۆخۆی لە بەستێنی ئێرانیدا خۆی سانسۆر دەکا و ئەو ناوە بەکار نابا!

هەروەک جۆری ناوهێنانی کورد لە ئێراندا گرینگە، پێویستە سەرنج بدرێتە جۆری ناوهێنانی کۆمەڵگای سەراسەری و گەلانی دیکەش بەتایبەتی گەلی حاکم. ئەو مەسەلەیە ڕەهەندێکی ماتێماتیکی دیمۆگرافیشی هەیە، ئەویش ئەوە کە لە ئێراندا بەبێ پشتبەستن بە هیچ ئامارێکی جێی متمانە یان بەڵگەگەلێکی زانستی و مێژوویی لەخۆڕا بووە بە عادەت کە گەلانی ژێردەستە بە کەمینە و فارسەکان بە زۆرینە جێ بخرێن. کارکردن لەسەر ئەو بابەتە و خۆبواردن لە هەر جۆرە ئاماژەیەک کە بە ناڕەوا باڵانسی دیمۆگرافی بەزیانی گەلی کورد یا گەلانی ژێردەستەی ئێران نیشان بدا، ئاکامێکی دیکەی سەروەریخوازییە.

٧- هەر گەلێک کە بە فەلسەفەی سەروەریخوازییەوە بۆ مافەکانی خۆی تەنانەت لە چوارچێوەی دەوڵەتی مەوجووددا خەبات بکا، نابێ پێشوەختە و لەبەر خاتری بەردەنگەکانی خۆی لە دەسەڵات و کۆمەڵگا و ئۆپۆزیسیۆنی سەراسەریدا خۆی سانسۆر بکا و بەڵکوو پێویستە بە نەفەسی ڕزگاریخوازانە و بە پێوەری یەکێتیی ئارەزوومەندانە بدوێ. هەروەک لۆژیکی هەموو دانوستانێک وا دەخوازێ، ستراتژیی شەرمێون و کەمخوازانە لە دەسپێکەوە لەجیاتی ئەوەی بەرهەمێن و یارمەتیدەری سازان بێ، دژەبەرهەمە و لایەنی بەرامبەر لەسەر چاوچنۆکی و دەمارگرژی سوورتر دەکا. هۆیەکی وتاری شەرمێون و کەمخوازانە ئەوەیە کە بەهۆی یەکگرتوو نەبوون و تاکڕەوی و ڕکابەریی نێوانیان، ئەکتەرەکانی کایەی سیاسیی ڕۆژهەڵات زۆر جار لە پێناوی جێکەوتنی زیاتریان لەنێو کۆڕ و کۆمەڵە سیاسی و مێدیاییە ئێرانییەکاندا ناچارن ڕوانگە و مەرامەکانی کورد بە پارێز و تێبینییەوە بخەنە ڕوو. بە پێچەوانەوە، ئەگەر بێت و گوتاری باوەڕبەخۆ و لەخۆڕادیوی پارتەکان و بژاردەی سیاسی و مەدەنیی ڕۆژهەڵات بەرووی ئێرانییەکان یەکدەست و یەکگرتوو بێ و ئەو یەکگرتوویەش لە کردار و کەرەستەدا ڕەنگ بداتەوە، بەرهەمی وەها گوتارێک بۆ باوەڕبەخۆبوونی ئەندامانی گەل و پاشەکشەی دژبەرانی مافی کورد زۆر زیاتر دەبێ.

٨- لە سەروەریخوازیدا گەلی ژێردەستە لەجیاتی ئەوەی خۆی بکاتە پێشقەراولی کۆمەڵگای سەراسەری و جەهانبینیی دەسکردی خۆی بۆ ئەو قەوارەیە بخاتە ڕوو، زۆرتر کار لەسەر جێخستنی پێگە و ناسنامەی خۆی دەکا. لێرەدا بۆ نموونە سەروەریخوازی دەبێتە هۆی ئەوە کە پارتەکانی ڕۆژهەڵات هێندە پێداگری لەسەر ئەوە نەکەن کە زمانی فارسی زمانی هاوبەشی ئێرانی ئایندە دەبێ، بەڵکوو باسی ڕەسمیەتی زمانی کوردی لە سەرزەمینی کوردستاندا دەکەن، چەندی بکرێ تەنانەت لە کاتی بەشداری لە کۆبوونەوە غەیرە کوردییەکانیشدا زمانی کوردی بە وەرگێڕەوە بەکار دەبەن و بۆ پێوەندییە سەراسەرییەکانیش ئاماژە بە سیاسەتی چەند زمانەیی یان بەهەرحاڵ مێکانیزمێک دەکەن کە بە تەوافوق بڕیاری لەسەر بدرێ.

٩- زمانی کوردی فاکتەرێکی بنەڕەتی و بڕیاردەری ناسنامە و هەرمانی نەتەوەی کورد و کۆڵەکەیەکی هەرە گرینگی

ناسیۆنالیزمی کوردە. بەڵام هەروەک هیچ دەوڵەتێکی بێ خاک لە دنیادا نیە، سەروەریخوازیی بێ خاکیش مانای نیە. خاک و جوغرافیای مێژوویی کوردستان ئەو بابەتە گرینگ و ستراتژیکەی بوونمانی گەلی کوردە کە بزوتنەوەی سیاسیی رۆژهەڵات کەمترین سەرنجی خستۆتە سەر و لە گوتاری گەورەی خۆیشیدا زۆر کەم باسی دەکا. بەدەر لەوە کە لە دوارۆژدا قازانجی کوردی رۆژهەڵات لە پەسندکردنی چ جۆرە ستاتووسێکی بەڕێوەبەری بۆ سەرزەمینی کوردستانە، لەو قۆناغەدا بەرجەستەکردنەوەی ئەو سەرزەمینە وەک پارچەیەکی یەکانگیر و بەسەریەکەوە لێکەوتێکی تری سەروەریخوازییە.

لێرەدا مەبەست لە خاک تەنیا پانتاییەکی رووتی سەر نەخشەش نیە، بەڵکوو زەرفێکی سروشتی کە جیا لە دێمۆگرافییەکی نەتەوەیی، کۆمەڵێک سەرچاوەی سروشتییش لە خۆی دەگرێ کە بۆ هەرمان و گەشەکردنی ئەو کۆمەڵە مرۆڤەی لەسەری دەژین و قەوارەکەیان حەیاتییە. لەو شوێنەدا کە گەلانی سەروەریخوازی دنیا (بەتایبەت گەلانی بوومی) هەمووگوتار و سازوکاری خۆیان لەسەر پاراستنی ژینگە و کۆنترۆڵی سەرچاوە سروشتییەکانیان بنیات ناوە، بزوتنەوەی سیاسیی رۆژهەڵات ئەگەرچی هەر لە دەهەی شەستی هەتاوییەوە پارێزگاری لە ژینگەشی وەک بەهایەک هێناوەتە نێو بەرنامە و گوتاری خۆیەوە، ژینگەی جێگای مەبەست ژینگە بە مانای کەلان و ستراتژیک بۆ هەرمانی گەلی کورد نەبووە. تەنانەت تا ئێستا نەبیستراوە کە دزین و بەلارێدابردنی سەرچاوە سروشتییەکانی کوردستان وەک موڵکی سروشتیی گەلی کورد لە گوتار و دەربڕینی هیچ سەرکردەیەکی رۆژهەڵات لە بەستێنی ئێرانیدا بەرجەستە بکرێتەوە(٤٥).

١٠- سەروەریخوازی وەک چۆن لەباری سیاسییەوە بابەتێکی موجەڕەد نیە، لە ئاستی حقووقی و لەپێوەندی لەگەڵ سیستمی بەڕێوەبەرییشدا هەڵگری کۆمەڵێک دەرەنجامی کۆنکرێتە. تەنانەت ئەگەر گەلی سەروەریخواز داوای جیابوونەوە لە دەوڵەتی مەوجوودیش نەکا. ئەگەر چاو لە ئەزموونی ئەو گەلانە بکەین کە سەربەخۆ نین بەڵام لە چوارچێوەی دەوڵەتی مەوجووددا بوونە خاوەن قەوارەی خۆیان، دەبینین هەموو رۆژێک لە مەیدانی قانوونی و نیهادیدا شەڕی سەروەریی خۆیان دەکەن. سەرنجدان بەو مێکانیزمە حقووقییانەی بەتایبەتی لە فێدرالیزمدا گەرەنتیی بالانسی هێز و ماف لەنێوان پێکهاتە پەراوێزکەوتووەکان و ناوەندەکاندا دەکەن و تێگەیشتن لە جۆری باسکردنیان و وەڵامدانەوەی ئەو بڕ و بیانووانەی لەژێر ناوی یەکسانیی هاووڵاتی و پێشگیری لە هەڵچنینی دیواری ئێتنیکی لەلایەن ناوەندگەراکانەوە بە فێدرالیزم و تەنانەت خودموختاری دەگیرێن، بابەتێکی یەکجار ستراتژیکە. پێویستە دەربڕانی گوتاری سیاسیی رۆژهەڵات بە یارمەتیی کەسانی شارەزا بەو چەمک و ئیستدلالانە ئاشنا بن هەتا لە وتە و لێدوان و دانوستانەکاندا بتوانن ڕووبەڕووی ئەو ئالەنگارە قانوونییانە ببنەوە.

## سەروەریخوازی و "فێدراسی" لە ئەگەری فیدرالیزە نەکرانی ئێراندا

ئەوکاتەی حیزبی دێموکڕاتی کوردستانی ئێران لە دروشمی خۆیدا فێدرالیزمی لە شوێن خودموختاری دانا، سەرەڕای ئەوە کە بۆ پاساودانی ئەو گۆڕانکارییە گوترابوو، تەنیا ئاڵوگۆڕێک کە ڕووی دابوو بارودۆخی نوێ و جێگە و پێگەی ڕوو لە گەشەی باشووری کوردستان بوو. دەنا لە مەودای نێوان دوو کۆنگرەدا، نە لە ئاستی نێونەتەوەیی و جیهانیدا شتێکی زۆر نوێ لەپێوەندی لەگەڵ مافی گەلاندا هاتبووە کایەوە (دوایین شەپۆلی سەربەخۆیی گەلان هی سەرەتا و نێوەڕاستی نەوەدەکانی زایینی بوو و هێشتا دادگای لاهەش بڕیاری خۆی لەبارەی کۆسۆڤۆوە دەرنەکردبوو)، نە ئاستی وشیاری و هەستانەسەر پێی گەلانی دیکەی ئێرانیش هیچ جۆرە پێشکەوتنێکی نەوعیی بەخۆیەوە دیبوو.

هێندێک کەس ئێستاش هەڵگرتنی دروشمی فیدرالیزم بە هەڵە دەزانن و لە بەرامبەر داننەنانی دەسەڵات و زۆرینەی ئۆپۆزیسیۆنی ئێرانی بە ویستی کورد پێیان وایە دەبێ کوردی ڕۆژهەڵات جارێکی دیکە بگەڕێتەوە سەر دروشمی خودموختاری. بەپێچەوانەی ئەو بۆچوونە، لەگەڵ ئەوە کە لە بیست ساڵی ڕابردوودا بزوتنەوەی سیاسیی ڕۆژهەڵات لەباری فیکری و لۆبیگەرییەوە وەک پێویستە کاری لەسەر فیدرالیزم نەکردوە، هەڵگرتنی ئەو دروشمە لەلایەن ئەو هێزە سیاسییە دیارانەی ڕۆژهەڵاتەوە کە زۆرترین تەعامولیشیان لەگەڵ ئێرانییەکان هەیە، بێدەسکەوت نەبووە. پەسندکردنی دروشمێکی هەمەلاگیر و جیهان ئاشنای وەک فیدرالیزم نەک هەر دەنگدانەوەی بەرچاوی لەنێو کۆڕ و کۆمەڵە ئێرانییەکاندا هەبووە و یارمەتیی بە شکانی تابووەکان لەپێوەندی لەگەڵ چارەسەری پرسی نەتەوایەتی لە ئێراندا کردوە، بەڵکوو هێندێک لایەنی بەناو سەراسەریشی هێناوەتەسەر دانێنان بە پێویستیی داماڵینی دەسەڵات لە ناوەند و تەنانەت قبووڵی چەمکی فێدرالیزم (با تێگەیشتنیشیان لەو سیستمە لە ڕوانگەی کورد بۆ ئەو سیستمە تەواو جیاواز بێ). هاوکات، ئەو دروشمە بەستێنێکی بۆ هاوکاری و لێک نزیک بوونەوەی هێز و بژاردەی گەلانی ژێردەستەی تری ئێران دروست کردوە کە سەرەڕای دەڵەمەیی ئەو هاوکارییە و چالاکنەبوونی وەک پێویستی ئەو گەلانە، کەمترین لۆژیک بە ئێمە دەڵێ کە کوردی ڕۆژهەڵات لەپێناو قسە ڕۆیشتنی لە ئاستی سەراسەری و ناوەندیدا، وێڕای هەوڵدان بۆ دروستکردن و پاراستنی دوفاکتۆی ڕۆژهەڵات، پێویستی بە وشیارکردنەوە و جووڵاندنی هێزی یەکگرتووی گەلانی ژێردەستەی تری ئێرانیش هەیە (شتێک کە قەت پێشی لە مامەڵە لەگەڵ ئۆپۆزیسیۆنی بەناو و ئیدیعا سەراسەری نەگرتوە و ناگرێ).

ئەگەر فیدرالیزم بە مەرجێک ڕۆشنگەریی زیاتری لەبارەوە بکرێ هێشتا دروشمە گونجاوەکەی سەردەمی ئێستایە، سەروەریخوازی بەبێ ئەوەی لە دژایەتی لەگەڵ فیدرالیزمدا قەرار بگرێ، دەتوانێ ژێرخانێکی قایمتر و بەرێژتر بۆ



سەرچاوە
Serchawe

فیدرالیزم و هەر فۆرموولێکی دیکەی دابینکردنی مافەکانی کورد داڕێژێ. ناڕوونیی دوورەدیمەنی فیدرالیزاسیۆنی هەموو ئێران نابێ بە مانای قەڵەمبازی سیاسیی پێچەوانە و گەڕانەوەی کوردی ڕۆژهەڵات بۆ دواوە بێ. سەروەریخوازی ئەو چەمکەیە کە دەتوانێ دەستئاوەڵایی پێویست بۆ کورد لە ئێراندا بیڵێتەوە بۆ ئەوەی ئەگەر هات و ئەلترناتیڤی سەراسەری و سیستمی بەڕێوەبەریی ئایندە بۆ کۆی ئێران دڵخواز نەبوو، هەروا لەسەر تایبەتمەندیی پرسی خۆی و هەر فۆرموولێک کە لە ناوەرۆکدا ڕەنگدانەوەی ئەو تایبەتمەندییە بێ پێداگر بمێنێتەوە.

پرسیارێک کە تا ئێستا وڵامی بۆ ئامادە نەکراوە ئەوەیە کە ئەگەر هات و هەموو ئێران فیدرالیزە نەکرا، ئەو کاتە کورد دەبێ چی بکا؟ بۆ ئەو حاڵەتەش ڕێگاچارەیەک هەیە کە تا ئێستا هەرگیز سەرنجی نەدراوەتێ و باس نەکراوە، ئەویش بریتییە لە "فێدراسی(٤٦)." فێدراسی واتە پێوەندیی فیدراڵی و بەو دەوڵەتانە دەگوترێ کە دەوڵەتی فرەپێکهاتە (مرکب) نین و وەک دەوڵەتی یەکانە (واحد) دەمێننەوە،(٤٧) بەڵام یەکێک لە هەرێمەکان (یان زیاتر لە هەرێمێک) ستاتووسێکی تایبەتیی هەیە کە ماف و سەڵاحییەتەکانی لەوە کە لە خودموختارییەکی ئاساییدا دەدرێ زیاترن. نموونەی فێدراسی لە دنیادا زۆرە. بۆ نموونە لە چوارچێوەی ڕێژیۆنالیسم (هەرێمگەرایی) لە ئیسپانیا، هێندێک لە هەرێمەکان ستاتووسی تایبەتییان هەیە و ماف و سەڵاحییەتەکانی هەرێمە ستاتووس تایبەتەکان لەوانی دیکە زیاترە. سیستمی سپاردنی دەسەڵاتەکان (تفویض اختیارات ((٤٨) لە بریتانیاش دەتوانین لە هەمان ڕوانگەوە سەیر بکەین و ئەوەی لە پێوەندی لەگەڵ هەرێمی کوردستان لە چوارچێوەی عیراقی بەناو فیدراڵیشدا دەیبینین کە دیارە حاڵەتێکە لە هەموو دنیادا تاقانەیە، زۆرتر دەچێتە خانەی فێدراسییەکی بەشێوەی دوفاکتۆ هەرە پێشکەوتوو. (٤٩) ئاشکرایە کە لە سەردەمی ئێستادا درێژەدانی فیدراڵیخوازی بۆ کورد لە ئێراندا بە مەرجێک بچێتە خانەی سەروەریخوازییەوە گونجاوترین ستراتیژییە، بەڵام کورد دەبێ لەڕووی لۆبیگەریی سیاسی و بنەماسازیی قانوونییەوە لە ئێستاوە کار لەسەر قابلییەتەکانی "فێدراسی"یش بکا بۆ ئەو حاڵەتەی فێدرالیزم لە ئێرانی پاش کۆماری ئیسلامیدا پەسند نەکرا یان فیدرالیزمی پەسندکراو فیدرالیزمێکی سیرفەن ئیداری بوو و وڵامدەری خولیا و تایبەتمەندی و ویستی کورد نەبوو. سەروەریخوازی و فێدراسی ئەو ستراتژییە قانوونییەیە کە یارمەتی بە کورد لە ئێران دەکا کە باشتر ڕووبەڕووی هەموو ئالەنگارە سیاسیی و قانوونییەکانی پێوەندیدار بە ویست و داواکانی بێتەوە، لە ئاڵا و سەربەستیی نیهادی و سنووری نێوخۆییەوە بگرە تا سەڵاحییەت و مێکانیزمە دەستوورییەکان و پێوەندیی دەرەوەی هەرێم و گەرەنتیی نێودەوڵەتیی ستاتووسی کوردستان.(٥٠)

## ئەنجام

ئانالیزی گوتاری سیاسی ئەمڕۆ لقێکی بەڕەسمی ناسراوی زانستی سیاسەتە و تەنانەت هێندێک لە زانکۆکانی جیهان بەشێکی سەربەخۆیان بۆ توێژینەوە لەسەر ئەو پرسە تەرخان کردوە.د(٥١) یسکۆرسی سیاسیی گەلێکی ژێردەستە بۆ ئەوەی کاریگەر و سەرکەوتوو بێ، جیا لە ژێرخانی هزری و ناواخنی ڕوون و مونسەجیم، پێویستە هەماهەنگ و یەکگرتوو بێ. ئەو هەماهەنگی و یەکگرتووییەش نایەتە دی ئەگەر بەرزتر لە ئاستی حیزبەکان و لە مەودوای مێژوویدا بۆ ویست و بوونمانی گەل و نەتەوە نەڕوانین و نوێ بوونەوەی نەوەکان و گۆڕانی بارودۆخ و ئاستی وشیاری و چاوەڕوانی و پێویستییەکانی کۆمەڵگا لەبەرچاو نەگرین.

حیزبە پێشەنگەکانی کورد لە ڕۆژهەڵات و بژاردە سیاسیی و مەدەنییەکانی ئەو گەلە ناتوانن لە خەباتی مەیدانیدا سەرکەوتوو بن ئەگەر گرینگیی زۆر زیاتر لە ئێستا بە کوالیتەی دیسکۆرسی نەتەوایەتیی خۆیان نەدەن. دەبێ بزانین کە نەوەی نوێی کۆمەڵگای ڕۆژهەڵات لەگەڵ ئەوە کە خولیا و ئارێشەی تایبەت بە خۆی هەیە و بەڕووی کۆمەڵگای دەرەوەی خۆیشیدا تێکەڵ و چاوکراوەیە، هەڵگری وشیارییەکی بەهێزی نەتەوەییە و بەگشتی کۆمەڵگای مەدەنیی ڕۆژهەڵات خاوەنی پۆتانسیەلێک بۆ بەسیاسی بوونی شوناسخوازانەیە کە لە چەشنی خۆیدا لە جیهانی ئەمڕۆدا وێنەی زۆر نیە. جیا لەوەش ویستی سەربەستیی کورد نەک هەر لە ناخی کۆمەڵگادا بەڵکوو لەلایەن بژاردەکان و هێندێک ڕێکخراوی نوێشەوە تا دێ زیاتر باس دەکرێ. ئەو بژاردە و ڕێکخراوانە کەم بن یان زۆر، بە قەوارە بچووک بن یان گەورە، شتێک ناکەن جگە لە گێڕانەوەی خەونێک کە خەونی سەدان ساڵەی هەموو کوردە، بە چەشنێک کە ڕێبەری پراگماتیستی وەک دوکتور قاسملووش دەیگوت" درێژبوونەوەی خەبات دەتوانێ بمانهێنێتە سەر بەرەوژووربردنی ویستەکانمان. (٥٢)

ئەو بۆشاییە کە لەنێوان گوتاری ئەمڕۆی حیزبە کلاسیکەکانی ڕۆژهەڵات و چاوەڕوانیی کۆمەڵگادا دروست بووە، بەهۆی ڕیشەی مێژوویی و بنکەی فراوانی ئەو حیزبانە لە کۆمەڵگادا، هەر بە خۆیان پڕ دەکرێتەوە. سەروەریخوازی ئەو چەمکەیە کە دەتوانێ وێژمانی سیاسیی لایەنەکانی ڕۆژهەڵات یەک بخا و وڵامدەرەوەی ئەو چاوەڕوانییەش بێ کە تەنیا چاوەڕوانییەکی هەستەکی (ئیحساسی) نیە، بەڵکوو لەڕووی حقووقییەوە بەبنەما و لەڕووی سیاسییشەوە بەقازانجە. پێویستە ئەو ماتەوزە بەنرخەی هۆشیاری نەتەوایەتی لە ڕۆژهەڵات لەلایەن بزوتنەوەی مێژوویی ئەو بەشەی کوردستانەوە وەبەر بهێندرێ و نابێ ڕێگە بدرێ پەرش و بڵاو بێ یان لایەنی دەرەوەی ڕۆژهەڵات بۆخۆیان و بۆ مەبەستە نادیارەکانی خۆیانی ببەن.

* سوپاس بۆ تێبینییە سیاسییەکانی هێرش پاڵانی.

١- Bodin, Jean, Les six livres de la République, LGF, 1993

٢- پەیمانی وێستفالی (١٦٤٨) کە کۆتایی بە شەڕی سی ساڵەی ئایینی لە ئورووپا هێنا و نەخشەی ئورووپای بە شێوەیەکی بەرچاو دەسکاری کرد، بە گرینگترین برگەی چەکوش لێدان و پەسندکردنی پرەنسیپی سەروەریی دەوڵەت لە ئاستی نێونەتەوەییدا و بەگشتی بە دەمەساتی بنیاتنەر لە قانوونی نێونەتەوەییدا لە قەڵەم دەدرێ.

٣- بڕوانە: ڕیارنامە بەناوبانگەکانی کۆڕی گشتیی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان لەبارەی مافی دیاریکردنی چارەنووسی گەلان : بڕیارنامەی ژمارە (١٥١٤) ی ١٩٦٠ لەسەر بەخشینی سەربەخۆیی بە گەلان و وڵاتانی کۆلۆنیکراو و بڕیارنامەی ژمارە (٢٦٢٥) ی ١٩٧٠ سەبارەت بە پرەنسیپەکانی یاسای نێونەتەوەیی پێوەندیدار بە پێوەندیی دۆستانە و هاوکاریی نێوان دەوڵەتان بەپێی مەنشووری نەتەوە یەکگرتووەکان.

٤- Thomas Guénolé, Le Souverainisme, PUF, Paris 2002, p. 3

٥- هەمان شوێن.

٦- Shared Sovereignty

٧- LEMAIRE, Félicien, « Propos sur la notion de ‘souveraineté partagée’ ou sur l’apparence de remise en cause du paradigme de la souveraineté », Revue française de Droit constitutionnel, 92, 2012, pp. 821-850.

٨- ماددەی ٣. دیارە دەزانین کە وشەی کۆنفێدراسیۆن لە ناوی قانوونیی سویسدا زۆرتر بارێکی مێژوویی هەیە و سویس وڵاتێکی فێدراڵییە. هەر لە بنەڕەتەوە کۆنفێدرالیزم یەکێتییەکی نێوان-دەوڵەتییە واتە دەوڵەتەکانی پێکهێنەری وەک دەوڵەتی سەربەخۆ دەمێننەوە و تەنیا هێندێک کاروباری هاوبەش بەتایبەتی لەبواری پێوەندیی نێونەتەوەیی و دیفاعدا حەواڵەی نیهادە کۆنفێدراڵییەکان دەکەن.

٩- بەتایبەتی لەلایەن دادگای باڵای ئەمریکا لەپێوەندی لەگەڵ شرۆڤەی موتەممەمی دەهەم.

١٠- Sovereignism or Sovereigntism

١١- لەنێو دەیان سەرچاوە بۆ پشتیوانی لەو ئاکامگیرییە ڕوون و سەلماوە، بۆ نموونە: م. س. لازاریف و دیگران، تاریخ کردستان، ترجمەی منصور صدقی و کامران امین آوە، کلن، ٢٠٠٧، ص ١٧ و ١٨.

١٢- بیست ساڵی نێوان دوو شەڕی جیهانی لەو بارەوە بۆ کورد یەکجار دەوڵەمەندە. دەتوانین "کۆمەڵەی تەعالی و تەرەقیی کوردستان" و تێکۆشانی ژەنراڵ شەریف پاشا و ئەمین عالی بەدرخان و شێخ عەبدولقادری نەهری و بەشداری لە کۆنفرانسی ئاشتیی پاریس پاش شەڕی یەکەمی جیهانی، دواتر بزوتنەوەی "خۆیبوون" و شۆڕشە هەماهەنگەکانی "ئارارات"

و "ئاگری" و هەوڵەکانی ئیحسان نوری پاشا و "سمکۆ" و شێخ مەحمود، و سەرەنجام حیزبی هیوا (ڕەفیق حیلمی) و حیزبی ئازادیی کوردستان (عەزیزوڵڵا خانی زەندی) و "ژێکاف" وەک دوایین دەنگە دلێرەکانی کورد بۆ بەرزکردنەوەی ویستی سەربەخۆیی لە قۆناغی پێشمۆدێرندا لە قەڵەم بدەین.

١٣- بۆ دەقی مەرامنامەی حیزبی دێموکراتی کوردستان، بڕوانە: عبدالرحمن قاسملوو، چل ساڵ خەبات لەپێناوی ئازادی، چاپی سێهەم، ٢٠٠٠، ل ٣٧.

١٤- وتووێژی پێشەوا، ڕۆژنامەی کوردستان بڵاوکەرەوەی بیری حیزبی دێموکراتی کوردستان، ژمارە ١، ژانویەی ١٩٤٦.

١٥- "زۆر کەس لەوانەی کە لە ساڵەکانی ١٣٢٥ - ١٣٢٤ لە بزووتنەوەی کوردستانی ئێراندا بەشدار بوون، ئاواتیان پێکهێنانی کوردستانی سەربەخۆ بوو. بەتایبەتی کە لەم بزووتنەوەیەدا ژمارەیەکی زۆر کوردی پارچەکانی دیکە چالاکییان دەنواند و لە هەڵسووڕاندنی کاروباری کۆماری کوردستاندا بەرپرس بوون. هەربۆیە ئارەزووی نێو دڵی ئەوانە لە خودموختاری دوورتر دەڕۆی. بەڵام بەرنامە و بناخەی سیاسەتی بەڕێوەبەری حیزبی دێموکرات و کۆماری کوردستان لەسەر پێکهێنانی خودموختاری لە چوارچێوەی ئێرانێکی دیموکراتی داڕێژابوو"، عبدالرحمن قاسملو، چل ساڵ خەبات لەپێناوی ئازادی، چاپی سێیەم ٢٠٠٠، ل ١٦٥.

١٦- EAGLETON, William, Jr., *La République Kurde*, Editions Complexes, Bruxelles, 1991, p. 209.

١٧ سمایل بازیار، کاریگەریی بیری چەپ لەسەر بزاڤی سیاسیی ڕۆژهەڵاتی کوردستان : حیزبی دێموکراتی کوردستان بە نموونە (١٩٩١-١٩٤٥)، هەولێر ٢٠٠٢، ل ١٠١.

١٨- بڕوانە: جەماڵ نەبەز، بیری نەتەوەیی کورد، لەندەن ٢٠٠٢، ل ١٤٢. ڕوونکردنەوەی ئامانجی ڕێکخراوی دڵخوازی نووسەر واتە "کاژیک" ڕەخنەشە لە گوتار و بەرنامەی ئەو هێز و لایەنانەی مەسەلەی دیاریکردنی چارەنووسی کورد دەکەنە پێڕەوی مەسەلەی چینایەتی و خەمی پرۆلێتاریا.

١٩- Conesa, Pierre, « Les petites conflits oubliés : une géographie du monde inutile », *Le Monde Diplomatique*, Mars 2001.

نوسخەی کوردیی ئەم وتارەی پیەر کۆنزا کە تەنیا لەبارەی کوردەوە نیە، هەمان ساڵ لە گۆڤاری "تیشک"دا لەژێر سەردێڕی "کێشە بچووکە لەبیرکراوەکان: جوغرافیای جیهانێکی بێکەڵک" (وەرگێڕانی ئاسۆ حەسەن زادە) بڵاو بۆتەوە.

٢٠- بەندی یەکەمی بەرنامەی هەریەک لە حدکا (پەسندکراوی کۆنگرەی شازدەهەم) و حدک (پەسندکراوی کۆنگرەی حەڤدەهەم).

٢١- بەرنامەی کۆمەڵە بۆ پێکهێنانی حکوومەتێکی فێدراڵ و دامەزراندنی دەسەڵاتدارەتیی خەڵک لە کوردستان (پووشپەڕ- گەلاوێژی ١٣٨٠).

٢٢- ماددەی ٤ی پەیڕەو و پرۆگرام.

٢٣- ماددەی ٢ی پەیڕەو و پرۆگرام.

٢٤- ستراتژیی حیزبی کۆمۆنیستی ئێران، پەسندکراوی کۆنگرەی یازدەهەم، مارسی ٢٠١٣.

٢٥- بەرنامەو ئەساسنامەی سازمانی خەبات، پەسندکراوی کۆنگرەی شەشەم.

٢٦- بەرنامەی سیاسیی پەسندکراوی کۆنگرەی چاردەهەم (گوڵانی ١٤٠٣) باسی "مافی دیاریکردنی چارەنووس تا دامەزراندنی دەوڵەتی سەربەخۆی کوردستان "دەکا.

٢٧- پرۆگرامی پەسندکراوی کۆنگرەی یەکەم (ئۆکتۆبری ٢٠٠٦) کە ماددەبەندی نەکراوە، باسی هەڵوەشاندنەوەی دابەشکردنی کوردستان و وەدیهێنانی سەروەری نەتەوەیی و دامەزرانی دەوڵەتی جمهوریی کوردستان دەکا.

٢٨- پەسندکراوی کۆنگرەی دووەم، فێوریەی ٢٠١٣.

٢٩- هەڵبەت لە رۆژئاوا پەیەدە و بەدوای ویشدا پەیمانی باکوور و رۆژئاوای سوریە بۆ بەڕێوەبردنی سێ کانتۆنەکەی رۆژئاوا باسی فێدرالیزم و بەڕێوەبەریی خۆسەری لە چوارچێوەی سوریەدا دەکەن.

٣٠- عبدالله حسن زادە، نیو سەدە تێکۆشان، لە: کورتە مێژووی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران، هەولێر، ٢٠٠٢، ل ١٧٣.

٣١- بەیاننامەی کۆمیتەی ناوەندیی سازمانی خەبات، ١٧ی دێسامبری ٢٠١٨.

٣٢- بڕیارنامەی کۆنگرەی حەڤدەهەم (نوامبری ٢٠١٩)، بەندی ٩ کە باسی سەروەریخوازی "لە عەینی فیدراڵیخوازیدا" دەکا.

٣٣- ماددەی ٩.

٣٤- دیارە مەسەلە جۆری فیدرالیزمەکەیە و هەموو فیدرالییەک نابێتە هۆی دابەشکردنی سەروەری.

٣٥- بەرنامەی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران (بنەما فیکری و سیاسییەکان)، پەسندکراوی کۆنگرەی شازدەهەم (فێوریەی ٢٠١٨). بەرنامەی هێندێک حیزبی دیکەی رۆژهەلاتیش، بۆ نموونە کۆمەڵەی زەحمەتکێشانی کوردستان و پارتی ئازادیی کوردستان، ئاماژە بە سەروەری دەکەن.

٣٦- جیاوازیی پێشەکی و بەندی ئۆپێرەتیڤی دەقێکی قانوونی لەوەدایە کە نێوەرۆکی نۆرمەکان لە بەندەکاندا ڕادەگەیەنرێ و پێشەکی تەنیا بۆ تەئویلی ئەو بەندانە پشتی پێ دەبەسترێ.

٣٧- وەک کۆمەڵە- ڕێکخراوی کوردستانی حیزبی کۆمۆنیستی ئێران و سازمانی خەبات.

٣٨- عبدالرحمن قاسملو، کوردستان و کورد، بەغدا ١٩٧٣، ل ٣٥٩ - ٣٨٦.

٣٩- عبدالله حسن زادە، "بۆچی خودموختاری؟"، رۆژنامەی کوردستان، ژمارە ١٦٩، ژانویەی ١٩٩١. بەگونجاو زانینی فێدرالیزم لەلایەن حیزبی دێموکراتەوە پێشتریش لە نامەی خاکەلێوەی ١٣٥٨ی دوکتور قاسملو بۆ خومەینیدا هاتووە و پێش ئینقلابیش لە رۆژنامەی کوردستان ئۆرگانی حیزبی دێموکراتی کوردستان-ئێراندا وەبەرچاو دەکەوێ، بڕوانە: مەنسوور مرووەتی، ئاسۆ حەسەن زادە، بیبلیۆگرافیای سیاسیی رۆژنامەی کوردستان، چاپەمەنیی حدک، ئاوریلی ٢٠١٧.

٤٠- پووشپەڕی ١٣٨٣ (ژووئیەی ٢٠٠٤).

٤١- ڕاپۆرتی سیاسیی کۆمیتەی ناوەندیی حیزبی دێموکڕاتی کوردستانی ئێران بۆ کۆنگرەی سێزدەهەم.

٤٢- " بۆ یەکەم جار لە مێژووی نوێی نەتەوەکەماندا بە دامەزرانی کۆماری کوردستان گەلی کورد بە ئاواتی خۆی گەیشت و هەستی بەوە کرد کە چارەنووسی خۆی بەدەستەوەیە و لە نیشتمانی خۆیدا بێگانە نیە و حاکمێکی دیکەش بێجگە لە خۆی لەو نیشتمانەدا نابینێ"، عبدالرحمن قاسملوو، چل ساڵ خەبات لەپێناوی ئازادی، لە: کورتە مێژووی حیزبی دێموکڕات (پێشتر ئاماژە پێکراو) ، ل ٦٧.

٤٣- بۆ نموونە ئەو سەرزەمینانەی بڕیاریان دا لەگەڵ ئەمریکا و نیوزلەند و فەڕانسە بمێننەوە.

٤٤- Linear

٤٥- بڕوانە: ئاگری ئیسماعیل نژاد، مێزگردی "ژینگە، هەم پرس هەم قەیران" بە بەشداریی نووسەری ئەم دێڕانە، گۆڤاری تیشک، ژمارە (٥٦).

٤٦- Federacy

٤٧- Unitary State v. Compound State

٤٨- Devolution

٤٩- بۆ پانۆڕامایەکی گشتیی ستاتووسە جیاوازەکان بڕوانە:

Máiz, Ramon & Wiliam Safran, Identity and Territorial Autonomy in Plural Societies, Routledge, 2000.

٥٠- بۆ پانۆڕامایەکی ئەو ڕەهەندانەی گەلێکی پەڕاوێزخراو لە فیدرالیزمدا پێویستە سەرنجیان بداتێ، بڕوانە: ئاسۆ حەسەن زادە، فیدرالیزم بۆ کورد، فیدرالیزم بە کوردی، هەولێر ٢٠٠٥.

٥١- بۆ نموونە ناوەندی ئانالیزی گوتاری سیاسی سەر بە زانکۆی ژمارە (١٣)ی پاریس.

٥٢- کریس کۆچێرا، خەباتخوازیی کورد، وەرگێڕانی ئاسۆ حەسەن زادە، پاریس ١٩٩٩، ل

کۆکردنەوە و ئامادەکردنی: ڕەحمان نەقشی

ڕێبەندانی ٢٧٢٤ی کوردی = جانیۆیری ٢٠٢٥ی زایینی



سەرچاوە
Serchawe




# سپاس و پێزانین

**بۆ هاوڕێ د. ئاسۆ حەسەن زادە  بۆ نووسین و ئامادەکردنی  ئەم بەرهەمە بەنرخە.**

**دەستتان خۆش و هەروا قەڵەم ڕەنگین بن بۆ گەل و نیشتمان.**

**ڕەحمان نەقشی**




سەرچاوە
Serchawe